# بنیاتی هونەریی شیعرەکانی دڵدار

**پ.ی.د. محمد أحمد سعید/ کۆلێژی زمان**

**م.یاریدەدەر . هێرۆ عبدالطیف/ کۆلێژی پەروەردەی چەمچەماڵ**

پێشەکی

ئـەم تۆژینەوەیـە,کەلەژێناونیـشانی(بنیـاتی هونـەریی شـیعرەکانیدڵدار)دایـە,تۆژینەوەیـەکی وەسـفی وشیکارییە,بەوپێیـەی دڵـدار وەك شـاعیرێکی نوێخـواز تـوانی گۆڕانکارییـەکی نـوێ لەشـعردا بهێنێتـە کایـەوە بەتایبەتی لەرووی بنیاتی هونەری یەوە لە دووتەوەری دیاری وەك ئاوازی شیعریی و زمـانی شـیعریی کـە لـە تەکنیکی شعرەکانی دا بەکاری هێنـاون وسـیمایەکی تازەگەرییانـەی پـێ داون لـە نێـو شیعرەکانیدا چـەندین نمونەورواڵەتی ئیستاتیکی یانەی لەباری ئـاوازو زمـانی شـیعری یـەوە بـەکارهێناوە و سـیما یـەکی جـوانی بـە شیعرەکانی بەخشیوە هەربۆیە لەم توێژینەوە یەمان دا تیشکیان خستوتە سەر ئەو دوو سیمایە ... کردووە مانن بە دوو تەوەرەوە لە تەوەری یەکەمدا .

تیشك خراوەتە سەر ئاوازی شیعریی کە بریتیە لە کێش وسەرواو قالبی شیعری , چەند جۆریان لە شیعرەکانی دا حزوریان هەبووە .

لـە تـەوەرەی دووەمـدا کـە تایبەتـە بـەزمانی شـیعریی وەك کەرەسـەیەکی بنـەڕەتی سروشـتی شـیعر دڵدارمامەڵەیلەگەڵداکردووە, ئەو کەرەسـانەی خستووەتەروو لـە بـەکارهێنانی وشـەو فرەیزودارشـتنی زمانـە شـیعریی وفەرهەنگەکـەی کلاسـیزم ودەرخـستنی ئەوگۆڕانکارییانـەی کەدڵداربەسەرزمانەشـیعرییەکەی خـۆی داهێناوە پاشان بەکارهێنانی وشەی شیعریی ئەدەبیاتی تورکی عوسمانی و عەرەبی لە قوناغی رۆمانسیزمداو وێڕای بەکارهێنانی چەندین لایەنی رەوانبێژیی و رەگەز دوری و لێکچواندن و بابـەتی خـوازەیی .. تـاد,/ کـە سەرجەمیان سیمای ئیستاتیکی و جوانکاری و نوێخوازییان بەخشیوەتە شیعرەکانی دڵدار .

**ئاوازی شیعریی**

کـێش و سـەروا دوو ڕەگـەزی گرنگـی بنیـاتی شـیعرین و ئـاوازی دەق پێـك دەهێـنن، ئـاوازیش (وەك ڕەگـەزێکی دیـارو ئاشـکرای دیـوی دەرەوەی هەڵبەسـت ڕەنگدانـەوەی ئـەو سـۆزە هەڵـچووەیە کـە تاقیکردنەوەکانی شاعیر بەرپای دەکەن لـە هەڵبەسـتی ڕەسـەندا لەگـەڵ سـەرجەم ڕەگـەزەکانی تـردا ئاوێتـە دەبێت، وەك چۆن ئەوان کار لە چۆنیەتی و ڕادەی بەرپابوونی دەکەن، هەر بەو جۆرەش ئەمیش کـار لـەوان دەکات و دەبێتە بنەمایەکی کاریگـەری لایـەنی دەربـڕین و جـوانی بنیاتەکـە) [1] دڵـداریش وریایانـە مامەڵـەی

[1] بنیاتی هەڵبەست لە هۆنراوەی کوردیدا، د.دڵشاد عەلی، ل ٨٦ .

لەگەڵ ئەم دوو ڕەگەزە گرنگە کردووە، بۆیەبە پێویستی دەزانین چۆنیەتی مامەڵەکردنی شاعیر لەگەڵ ئەم ڕەگەزانە لە چوارچێوەی دەقەکانیدا دەربخەین .

**یەکەم :کێش:**

کێش بنەمایەکی بنەڕەتی ناسینەوەی شیعرە کە لەژانرەکانی تری ئەدەبی جیادەکاتەوە،(وەك مەرجێکی سەرەکی قاڵبی شیعری هەموو نەتەوەکان بەکاردێ، بەڵام هەریەکەو بە پێی تایبەتێتی خۆی و سەردەمی خۆی مامەڵەی لەگەڵدا دەکات) [٢] شاعیرانی کورد دوو جۆر کێشیان هەڵبژاردووەو پەیڕەویان کردوە، ئەویش یەکەمیان کێشی (عەرووز) بووە، کە شاعیران لە کۆنەوە لەژێر کاریگەری ئەدەبی عەرەبی و فارسیدا ئەم کێشەیان وەرگرتووەو ئاوازی دەقەکانیان لەسەر پێك هێنابوو، دووەمیان کێشی (بڕگە)یە، کە بە کۆنترین کێشی نەتەوەیی دادەنرێت سەرچاوەکەی فۆلکلۆرەوە بووە، کەلە سەرەتای سەدەی بیستەمدا و لە ئاکامی بوژاندنەوەی هەستی نەتەوایەتی جارێکی تر لەلایەن شاعیرانی نوێخوازی بزاڤە نوێیەکەی شیعری کوردی پەیڕەوی کراوەتەوە، وەکو بنەمایەك بۆ گۆڕینی ڕوخساری شیعر بەکاریان هێنا

**١–کێشی عەرووز:**

گەرچی بەکارهێنانی کێشی (بڕگە) لای نوێخوازانی شیعری کوردی بەرەو فراوان بوون ڕۆیشت ،بەڵام شاعیران دەستبەرداری بەکارهێنانی کێشی عەرووز نەبوون کێشی (هەزەج و ڕەمەل)یش لە دیارترین ئەو کێشانەبوون کە بنەمای ئاوازی شیعرەکانیان پێکهێنا، هەروەك لەدەقەکانی (گۆران، شێخ نوری شێخ ساڵحو پیرەمێرد ...)دا دەردەکەوێت ،دڵداریش وەك پەیرەوکەرێکی بزاڤە نوێیەکەی شیعری کوردی ئەو دوو جۆرە کێشەی بەکارهێناوەو دەقەشیعری کلاسیکی و هەندێك لە دەقە ڕۆمانسییەکانی لەسەر بنیات ناوە.

دیارترین جۆری ئەو کێشە عەرووزیانەی لای دڵدار بەکارهاتوون بریتین لە :

**أ–کێشی هەزەج:**

ئەم کێشە وەك کێشێکی دیار و بەرچاو لە هەندێك لە دەقەکانیدا دەبینرێت و چەند قاڵبێکی ئەم کێشەی بەکارهێناوە لەوانە:–

**هەزەجی هەشتی تەواو** : ئەم دەقانەی لەسەر چنیوە( ئەرێ ئەی لاو ،ئەی کورد ، فەلەك،موفرەدات، لەمەیدانی موجادەلەیەکدا، بلێ سەربەستی ئەی لاو، سزاواری ، خەندەکەی بایی ، نائومێدی، گوڵی سوور، تەخمیس، ژیانی ئادەمیزاد [٣] ).

لەدەقی (خەندەکەی بایی) دا دەڵێت :

لە ئافاقی ژیانی ناهومێدیم خەنـــــدەکەی بایــی

ب ـــ ـــ ـــ/ب ـــ ـــ ـــ /ب ـــ ـــ ـــ/ب ـــ ـــ ـــ

[2] شیعری کلاسیکی کوردی ، عەزیزگەردی ، ل ٥٨ .

[3] مێژووی ئەدەبی کوردی ، د.مارف خەزنەدار، ل٥٥٦، ٥٥٧.

فریشتەی پاکی هیوامی نیشاندام واکە بیدوێنـــم

ب ـــ ـــ ـــ/ب ـــ ـــ ـــ/ب ـــ ـــ ـــ /ب ـــ ـــ ـــ

پریشکی تیشکی ئەستێرەی جوان ئیمشەو بە ئەسپایی

ب ـــ ـــ ـــ /ب ـــ ـــ ـــ /ب ـــ ـــ ـــ /ب ـــ ـــ ـــ

بە سۆزێ هاتە ناو دڵـــــــی تاریـــــکی پــڕ خوێنم

ب ـــ ـــ ـــ / ب ـــ ب ـــ / ب ـــ ـــ ـــ/ ب ـــ ـــ ـــ

دەسادەی مەصدەری هەستی

ب ـــ ـــ ـــ / ب ـــ ـــ ـــ

دەخێرا لادەری پەستی

ب ـــ ـــ ـــ / ب ـــ ـــ ـــ

وەرە تا من بــەڕازی تۆ نـــەمامی شـــادی بڕوێنم [٤]

ب ـــ ـــ ـــ / ب ـــ ـــ ـــ /ب ـــ ـــ ـــ / ب ـــ ـــ ـــ

لێرەدا بە پێویستی دەزانین ئـاوڕ لـە ڕای عەلائـەدین سـوجادی و کوردسـتان موکریـانی بدەینـەوە ، کـە دەربارەی کێشی ئەم هەڵبەستە نووسیویانە.

عەلائەدین سـوجادی سـەبارەت بـەو هەڵبەسـتە دەڵێـت" وەکـو سـەیر ئەکـەین ئەوکێـشەعەرووزانەی کـە هەبوون و هەن لەهۆنراوەی گێچی ناوەڕاستا لەمانەدانین ، بەڵکو بەم هۆیەوە ناوی هۆنراوەی ئازادی بۆ خۆی گرتووە" [٥] (کوردستان موکریان) یش لە پێشەکی چاپی دووەمی دیوانی دڵداردا دەڵێـت "دڵدار لـەم پارچـە هۆنراوە ئازادە بەرزەدا ڕێـچکەی ڕۆمـانتیکی گرتـووە لـەکێش وسـەروای عـەروز دوورکەوتووەتـەوە ، ئـاوازی هۆنراوەکە لەسەر یەکساز ناڕوات" [٦] .

ئەوەی سەرنجمان رادەکێشێت لەڕای ئەو دوو نووسەرە ئەوەیە ،کە هەردوو نووسەر کێشی هەڵبەستەکە بەعەروزی دانانێن و لە لایەکی تریشەوە لەو بڕوایەدان کەکێشی هەڵبەستەکە (ئازاد)ە هۆی دروست بوونی ئەم بۆچوونەشیان دەربارەی کێشی ئەم شیعرە وەك لە وتەکانیاندا دەردەکەوێت ، دەگەڕێتەوە بۆئەوەی کەئـەم دەقە لەسەر(ڕێچکەی ڕۆمانسی) یە ،بەڵام لێرەدا دەبێت ئەو ڕاستییە فەرامۆش نەکەین کە مەرج نییە کێـشی هەموو هەڵبەستێکی ڕۆمانسی ئازادبێت ولەبەکارهێنانی کێشی عـەروزو قافیـەی یـەکگرتوو دوورکەوتبێتـەوە، چونکەهەندێك لەودەقە ڕۆمانسیانەی کەلای شـاعیرانی نوێخـواز لەسەرکێـشی عـەروز چـنراون،بەڵگەن لەسـەر ئەوەی کە مەرج نییە کێشی عەرووز تەنها لە بنیاتی شیعری کلاسیکیدا ڕۆڵ بگێڕێت، لـە لایـەکی تریـشەوە شێوەی ئەندازەیی دەقەکە وای کردووە کە بە کێشی هۆنراوەی (ئازاد) لە قەڵەم بدرێت ، لە ڕاستیدا دەقەکـە لەسەر شێوەی (مووەششەح) ەو کێشی (هەزەج)یش لەم مووەشـشەحەدا بـەکار هـاتووە دەقەکـەش لـە (٧)

---

[4] دیوانی دڵدار ، چ١ ، ل٥٢ .

[5] نرخ شناسی ، عەلائەدین سوجادی ،١٩٧٠، ل٥٤.

[6] دیوانی دڵدار , چ٢، ل١٣.

بەند پێك هاتووە هەر بەندەش لە حەوت لەت پێکهاتووە (هەر لەتێکی مەتڵەعو لەتەکەی قوفل بریتین لە چوار (مفاعیلن)و لە تەکانی بریتین لە دووجار (مفاعیلُن)[7] ٠

دڵدار لە بەکار هێنانی کێشی ئەم دەقەدا داهێنانی کردووە، داهێنانەکەش لە گۆڕینی ژمارەی پێیەکانی لەتی پێنجەمو شەشەمی دەقە لە (٤) ەوە بۆ (٢) ، ئەمەش وای کردووە کە ئاوازو سازێکی نوێ بدات بە هۆنراوەکە، هەر وەك لە دەقی (گوڵی سوور) یشدا بەهەمان شێوەی هونەری مامەڵەی لەگەڵ ئاوازی دەقەکە دا کردووەو شێوازێکی تایبەتی بە دەقەکانی بەخشیوە٠

جۆری قالبی کێشی هەزەج کە لای دڵدار بەکارهاتووە بریتییەلە:

**هەزەجی هەشتی ئەخرەب** :لەم چوارینەیەدا کێشەکە دەبینرێت

ڕوحی، کە ئەسوڕاوە لە نێو باغی سەفا

ـــ ـــ ب/ب ـــ ـــ ـــ /ب ـــ ـــ ب/ب ـــ

دڵ خوڕەمو هیچ نەی بوو شتێك جۆری بدا

ـــ ـــ ب/ب ـــ ـــ ـــ /ب ـــ ـــ ب/ب ـــ

قاڵبەکەش (مفـعـول ، مـفاعیلن، مفاعیـــل، فعل) ×٢ [8]

لە چوار چێوەی ئەم کێشەدا ئاوڕ لە کێشی دەقی (بۆ ئەو کەسەی کە ) شاعیر دەدەینەوە کە لەدەقی (بهاردە)ی (تۆفیق فیکرەت)ەوە وەرگێراوە، کێشی ئەم دەقە لەنگەو ئەمەش وای لە هەندێك لێکۆڵەر کردووە کە لە لێکۆڵینەوەی کێشی شیعرەکانی دڵداردا، بیخەنە دەرەوەی کێشە عەروزییەکان، بەڵام لەئاکامی وردبوونەوەی لە مۆسیقای شیعری ئەم دەقە ئەو ڕاستییە گەڵاڵە دەبێت کە موسیقای دەقەکە لەگەڵ کێشی عەرووزی عەرەبی دەگونجێت نەك بڕگەیی، (چونکە مۆسیقای شیعرەکان پێوەری ڕاستەقینەی جیاوازی دوو سستەمی شیعریە)[9]جۆری کێشەکەش (هەزەج) تووشی گۆرانی خەرب بووە (گۆڕانی خەربیش تووشی هەر لەتێك بێت دەبێت لە هەموو لەتەکانی تری بەیتەکاندا پەیڕەو بکرێت)[10]

دەقەکە لە چوار بەند پێك هاتووە بەندی یەکەم و دووەم هەزەجی (شەشی ئەخرەب)ەو بەندی سێ یەم و چوارەم یش هەزەجی (هەشتی ئەخرەب)ە، پێیەکانی دێڕەکان لە هەموو بەندەکاندا تووشی گۆڕانێکی زۆر لە (خەبن ، حەزف، قەسر) بوونەتەوە ،لە سیستمەکە لایان داوە و دەڵێت :

لەبن سایەی چەمەن زاری بەهاری

ب ـــ ـــ ـــ /ب ـــ ـــ ـــ /ب ـــ ـــ (مفاعیلن،مفاعیلن،فعولن)

با پێکەوە بین یەك دڵو رووخۆش

ـــ ـــ ب/ب ـــ ـــ ب/ب ـــ ـــ (مفعول ،مفاعیل،فعولن)

دڵ روونو خرۆش باڕاوێ بکەین سا

7 کێشی شیعری کلاسیکی کوردی، عەزیز گەردی، ١٩٩١، ل٢٦٠ ٠

8 شیعرەکانی دڵدار ، دڵدار شاعیری شۆڕشگێڕی کورد، عبدالخالق علاءالدین ، ١٩٣ ٠

9 کێشو ریتمی شیعری فۆلکلۆری کوردی ، د.محەمەد بەکر ، ٢٠٠٤، ل١٨٣ ٠

10 العروض في الشعر الكردي، احمد هردي ، اربيل ، ٢٠٠٤، ل١٤٢ ٠

ــ ــ ب/ب ــ ــ ــ /ب ــ ــ ــ (مفعول ،مفاعيلن، مفاعيلن)

هەڵبەستە منو تۆ دڵی پر جۆش [11]

ــ ــ ب/ب ــ ــ ب/ب ــ ــ (مفعول ،مفاعيل، فعولن)

لادان لە سیستمی بڕگەی هەنگاوە عەروزییەکان لای شاعیرانی کلاسیك بە دی دەکرێت ،وەك (جزیری و حاجی قادر، وەفایی...) سەبارەت بە لادانی وەفایی لە سیستمی عەروزی د.محەمەد بەکر دەڵێت: "ئەو جۆرەلادانەی لە سیستمی بڕگەی (هەنگاو)ە عەروزیەکان زۆرە، ڕەنگە هۆی ئەو دیاردەیەش بۆزاڵبوونی ڕەگەزی ئاواز بەسەر شیعرەکانیدا بگەڕێتەوە)[12]

سەرباری ئەوگۆڕانکارییانەی لە تەفعیلە (هەنگاو) کاندا کراوە، ئاوازی دەقەکە ناساز ناکەوێتە بەرگوێ، ئەویش بەهۆی بەکارهێنانی سەروای رەگەز دۆزی لە ناوەڕاستو کۆتایی لەتەکاندا ئاوازی دەقەکەی ڕاگرتووە .

تەنهایـــــی بیابانێکـــی پـــڕ ســـۆز
جا لە ڕێەوە ئاوازی زەمین سویی سرور ـــــــــــــــ سرور
سابە سیە غـــرور، ساتی ببیەین ســـا ـــــــ غرورـــــــ
من نەی دەمیّ دڵداری و تۆ دەنگی طیور[13] ـــــــــــــ طیور

ب – کێشی ڕەمەل:

ئەم کێشە بە پلەی دووەم دێت لای شاعیر لە دوای کێشی (هەزەج ) کە شاعیر لە بنیاتی ئاوازی دەقەکانیدا بەکاری هێناوە ، دیا رترین قاڵبی ئەم کێشەلای شاعیر بریتیین لە:-

__ڕەمەڵی هەشتی مەحزووف:__ لە بنەمای ئاوازی ئەم دەقانەدا ڕۆڵ دەبینێت (ئەی خودایە، مەی ، لاوی کوردان، نیشتمان ئیشی دەویّ ، دڵ، شەهبازی یا شەهێنی، ئەنفیەت کانی )[14]

لە دەقی مەی دا دەڵێت :

مەی لەبەردەم بیّ کەئیـــمڕۆ عادەتێـکی جاریە
ــ ب ــ ــ / ــ ب ــ ــ / ــ ب ــ ــ / ــ ب ــ
عادەتی چی موئنیسی چی پیشـەیی بیّ کـــاریە
ــ ب ــ ــ /ــ ب ــ ــ / ــ ب ــ ــ / ــ ب ــ [15]

11 دیوانی دڵدار ،چ١،ل٣٣ .

12 کێش و ریتمی شیعری فۆلکلۆری کوردی، د.محەمەد بەکر ، هەولێر ٢٠٠٤، ل١٨٣ .

13 دیوانی دڵدار، چ١، ل٣٣.

14 هەر ئەو سەرچاوەیە ، چ١، ل٢٣، ل٢٥، ل٢٦، ل٣٢، ل٤٥، ل٥٠.

قاڵبەکەی (فاعــــلاتـــن، فاعـــــلاتـــــن، فاعـــلاتــــن،فاعــــلن) × ٢

<u>**ڕەمەڵی هەشتی مەقسور**</u> : لەدەقی(ئومێد) دەبینرێت

چاوەکانم لێل و وێڵ بوون کواستارەم دەرنەکەوت

ـــ ب ـــ ـــ /ـــ ب ـــ ـــ / ـــ ب ـــ ـــ / ـــ ب ـــ

دڵ لەتاوی دەردی کڵپەی سەند وەکو ئاورو نەوت (١٦)

ـــ ب ـــ ـــ / ـــ ب ـــ ـــ / ـــ ب ـــ ـــ / ـــ ب ـــ

قاڵبەکەی (فاعــــلاتــــن، فاعــــلاتــــن ، فاعــــلاتــن، فاعلن) × ٢

<u>**ڕەمەڵی هەشت مەخبوونی مەقسوور**</u>:- ئەم چوارینەیە لەسەر ئەم کێشە بنیات نراوە .

چۆن بەمرواری وتارم عیـــزو شــــەئـــــنــی ئەدەمێ

ـــ ب ـــ ـــ / ب ب ـــ ـــ / ب ب ـــ ـــ / ب ب ـــ

شەئنی ئەوبێجگە لە تف لەعنەتو لێدان‌وشەققە (٤)

ـــ ب ـــ ـــ / ب ب ـــ ـــ / ب ب ـــ ـــ / ب ب ـــ

قاڵبەکەی (فاعـــلاتــــن، فــــعلاتن، فــــعلاتـــــن، فعلـــــن)×٢

٤- <u>**ڕەمەڵی شەشی مەقسوور**</u>: لەبنیای ئاوازی (ئەی ڕەقیب) دادەبینرێت:

ئەی ڕەقیب هەرماوەقەومی کورد زوبان

ـــ ب ـــ ـــ / ـــ ب ـــ ـــ / ـــ ب ـــ

نای ڕمێنێ دانەیی تۆپی زەمان (١٧)

ـــ ب ـــ ـــ/ ـــ ب ـــ ـــ / ـــ ب ـــ

قاڵبەکەی (فاعلاتــــن ، فاعــــلاتن، فاعــــلن )×٢

دەتوانین بڵێین کێشی عەرووز بەشێوەیەکی بەرفراوان لای شاعیر بەکارهاتووە، کە لە سەرەتای تەمەنە شیعریەکەیەوە (١٩٣٥) تاساڵی (١٩٤٠) جگە لەدەقی ڕووناکی سەرجەم ئەودەقانە کە لە دایك بوون لە سەرکێشی عەروزن، بەڵام لەساڵی (١٩٤٠) بەدواوە شان بەشانی کێشی عەروزی کێشی بڕگەیش ڕۆڵی بینی لەپێکهێنانی ئاوازەیی دەقەکانی دا ،بۆیە لێرەوە ڕوو لەو کێشە بڕگەیانە دەکەین کە دەقەکانی پێ چنیوە.

**٢-کێشی بڕگەیی :**

---

15 دیوانی دڵدار، چ١ ،ل٢٥ .

16 هەر ئەو سەرچاوەیە ، ل ١٩.

17 دیوانی دڵدار ، چ١، ل١٧ .

بەکارهێنانی ئەم کێشە لای شاعیرە نوێکەرەوەکان گرنگی و بایەخی پێدرا و بەیەکێك لە سیماکانی نوێکردنەوەی شیعری سەدەی بیستەم دانرا، ئەو سەرچاوانەی کە پەلکێشی شاعیرانی نوێکەرەوەکرد بۆ بەکارهێنانی ئەم کێشە (فۆلکلۆرە ڕەنگینەکەی گەلی کورد بەگشتی و لەلایەکی تریشەوە (دە) برگەییەکەی هەڵبەستی گۆران بە هونەرە جوانەکەی (مەولەوی) یەوە ڕێگای ئارەق ڕشتنی بۆ ئاسان کردن)[18] دڵدار لەگەڵ گۆڕینی ڕێبازی شیعری لەکلاسیکەوە بۆ ڕۆمانسیزم ڕاستەوخۆ دەستبەرداری بەکارهێنانی کێشی عەرووز نەبوو ،بەڵکوهەندێك لەدەقە ڕۆمانسییەکانی هەروەك پێشتر ئاماژەمان پێکردبە کێشی عەرووز چنیوە،بەڵام لە گرتنەبەری ئەم ڕێبازەو ڕێبازی ڕیالیزمدا دەبینین شاعیر هەنگاوی بەرەو بەکارهێنانی ئەم کێشەناوە و ئاوازێکی نوێیٚ لەڕێی بەکارهێنانی کێشی (١٠،١١) برگەییەوە بەدەقەکانی بەخشیوە ، بەڵام بەکار هێنانی کێشی برگەیی بە بەراورد بەکێشی عەروزی عەرەبی لای شاعیر لەسنورێکی بەرتەسکدا بووە.

دیارترین جۆری ئەو کێشە برگەییانەی کەدەقە شیعرییەکانی لەسەر چنیووە ئەمانەن:-

**أ- کێشی دە برگەیی:**

ئەم کێشە بە کۆنترین کێشی نەتەوەیی دەناسرێتو دیارترین کێشە کەشاعیرانی نوێکەرەوە ئاوڕیان لێ دایەوە ، دڵداریش ئەم کێشەی بە شێوەیەکی بەرفراوان لەچینی دەقەڕۆمانسیو سەرجەم دەقە ڕیالیزمیەکانی جگە لەدەقی (ئەی خودایە) بە دەستە پێی (٥+٥) بەکار هێناوە ، لەدەقی (لالە باس) داد دەڵێت :-

ڕۆژێکی پایز لەپێش نیوەڕۆ ٥+٥
لالە باسم دی زەوی ئەدا تۆ
ڕووتو زگ واڵا پیرو تێك شکاو
پشتی چەماوە لووت لەسەرئەژنۆ [19]

**ب ـ کێشی هەمەڕەنگ**

دڵدار وەکو شاعیرێکی نوێکەرەوە ، گرنگی بە ڕوخساری دەقەکانی داوەو لەو مەیدانەشدا داهێنانی کردووە ، لەپێناوی بەدیهێنانی ئاوازی سازگاردا هونەرمەندانە مامەڵە لەگەڵ کێشی برگەیی دا کردووە، لەبنیاتی هەڵبەستی (زوڵفو ئەگریجەی یاردا) دەبینرێت ، کە لە سێ بەند پێکهاتووە، هەر بەندێکیش حەوت لەتەو لەتی یەکەمو دووەم و حەوتەم (١١) برگەیین دەستە پێی (٦+٥)، (٤+٤+٣)ی بەکار هێناوە، دەقەکانی سێیەمو چوارەمو پێنجەمو شەشەم پێنج برگەیین، دەڵێت : -

زوڵفو ئەگریجەی یار ، چەندە تەبایە ٦+٥
وێنەی جەمـــالی یار، لەدڵـــی من دایە ٦+٥یان٦+٦
شا بۆی گەدایە ٥
گەداش فیـدایە ٥
ڕوح بۆی ڕەوایە ٥

---

[18] گۆران نوسینو پەخشانە وەرگێڕاوەکانی، ئومێد ئاشنا، ل١٥٨ .

[19] دیوانی دڵدار ، چ١، ل٥٦.

هەر بێ وەفایە ٥

چونکە مشربی یار جەورو جەفایە[٢٠] ٦+٥

ڕێـزان محەمــەد سـەبارەت بـەم دەقــە دەڵێـت: "دێـڕی یەکـەم کێـشی (١١) بڕگـەیی (٣+٣+٥)ی بەکارهێناوە لە چوار لەتەکەی ناوەڕاست کێشی (١٤) بڕگەیی بەکار هێناوە ، بەڵام لەتی کۆتـایی هاوشـێوەی دێڕی یەکەم دووەمە (١١) بڕگەیی (٣+٣+٥)یە "[٢١]، نووسـەر لێرەدا لەدەسـت نیـشان کردنـی کێـشی (٤) لەتەکەی ناوەڕاست و لەجیا کردنەوەی دەست پێیەکانیشدا ڕاستی نەپێکاوە، چونکە دیـاری کردنـی سـنوری پێیەکانیش بەو لەنگەر گرتنە دەبێت کە دەکەوێتە سەر کۆتایی وشەکان لەکاتی خوێندنەوەدا .

سەبارەت بە کێشی دەقی ئەی نازەنین دەڵێت : "کێشی عەروزی بەکار هێناوە کە ڕەجەزی هەشـتی مەخبوونە"[٢٢] لە ڕاستیدا کێشی ئەو دەقە بە پێی ئەو ئاوازەی دەقەکـە پێکـی هێنـاوە عـەروز نییـە ، بـەڵکو کێشی هەمەڕەنگەو (٤، ٨، ١٦)بڕگەیی بەکار هێناوە ، بە هۆی ئەو مامەڵە هونەرییانەی کە شاعیر لـە کێـشی ئەم دەقەدا کردوویەتی تەواو سیمایەکی داهێنەرانەی پێوە دەبینرێت.

کێشی لەتی یەکەمو کۆتایی دەقەکە (١٦) بڕگەیی یەو لە سێ بەندی (٨) بڕگەیی پێك دێتو دەستە پێی (٣+٥)، (٤+٤) ،(٥+٣) ،(٢+٤+٢) بەکار هێناوە لەگەڵ سێ لەتی چوار بڕگەیی ،دەڵێت.

ئەی نازەنین ڕەوای تەونجی تازەنین، خۆ نازەنین ١٦ بڕگە

بیستم ئەڵی ی کە بێ وەفام بێ شەرمو ڕەنگو ڕوو وەلام هەر لەتێکی ٨ بڕگەیە

لە بانێکا هــــەزار هــــەوام بەڵام ئەگەر بەم چەشنە بام

لەم سەنگەسار یە چۆن ئەمام بەلێ لــە لای ناحــەز وەهــام

بــــەڵام بــــەڵام[٢٣] ٤ بڕگە

شێوە نوسینی ئەم دەقە لە چاپکردنی دیوانی دڵدار (١٩٦٢) گۆڕانی بەسەر هـاتووە لـە سـتونییەوە گۆڕاوە بە ئاسۆیی هەروەها لەتی کۆتایی دەقەکە کە دووبارە کردنەوەی لەتی یەکەمی دەقەکەبە بەم شێوەیە نووسراوە

ئەی نازەنین

ڕەوای ئەم تارە تازەنین

خۆ نازەنین[٢٤]

هەر ئەم شێوەیەی نووسینە وای لە عەبدولرەزاق بیمار کردووە کە کێشی ئەم شیعرە بە کێشی ئازاد لەقەڵەم بدات و دەڵێت : "لە کێشی خۆماڵیشدا کێش ئازادی هەر بە بەکارهێنانی دێڕی هەشت بڕگەیی و چوار بڕگەیی تێکەڵ کردووە "[٢٥] ٠

---

20 هەر ئەو سەرچاوەیە، ل٦٢ ٠

21 ڕۆمانسیزم لە شیعری کوردیدا (١٩١٨–١٩٤٥) ڕێزان محەمەد غەفور ، نامەی ماستەر ، ٢٠٠٥،ل٧٣ ٠

22 ڕۆمانسیزم لە شیعری کوردیدا (١٩١٨–١٩٤٥) ڕێزان محەمەد غەفور ، نامەی ماستەر ، ٢٠٠٥،،ل٧٢ ٠

23 ئەی نازەنین ، دڵدار ، گ:گەلاوێژ ، ل٣٨ ٠

24 دیوانی دڵدار ،چ١ ، ل٤٣ ٠

زۆر جار کەمتەرخەمی نووسەران لە نووسینەوەی دەقەکان لەسەر شێوەی دروستی خۆی ساغ نەکردنەوەی لەلایەن ئەو نووسەرانەی کە لێکۆڵینەوەیان دەربارەی شیعرەکانی شاعیر کردووە یان دیوانەکە یان دەقەکانیان نووسیوەتەوە وای کردووە کە جۆرێك ناسازی لەروی کێشو تەنانەت واتاشی لێ بکەوێتەوە ، هەروەك گۆڕینی وشەی (بادی) بە (بای) لە لایەن (ڕەفیق حیلمی)یەوە ، لەنگییەکی بەکێشی دێڕەکە بەخشیوە:

ئەی بای شەماڵ ئەی بای شەماڵ ٨ بڕگە

پۆستەی هەوایی دڵەی پڕ زوخاڵ[٢٦] ١٠ بڕگە

هەر لە چوارچێوەی بەکارهێنانی کێشی بڕگەدا ئاوڕی لە (دەقی منداڵان) داوەتەوە، بوونی ئاوازی سووك لە بنیاتی کێشی شیعری منداڵاندا زیاتر سەرنجی منداڵ رادەکێشێت ، بۆیە ئەو شیعرەی کە بۆ منداڵان دەنوسرێت پێویستە ئاوازێکی ناسك و سەرنج ڕاکێشەری هەبێت ئەمەش بەهۆی وشەی ڕێكو کێش و پاشبەند دروست دەبێت)[٢٧]

دڵداریش سەرجەم دەقی منداڵانی بە کێشی بڕگەیی چنیوە لەناو جۆری کێشەکاندا کێشی (٧، ٨، ١٠) هەڵبژاردووە، زیاتر لەگەڵ حەزی منداڵاندا گونجاندویەتی ٠

**کێشی (٧) بڕگەیی:-**

ئەم کێشە بەدیارترین کێش بەکار هاتووی ناو ئەدەبی منداڵان دەژمێرێت، دڵداریش لەدەقی (کۆترە باریکە، ڕۆڵەی تازە) دا ئەم کێشەی بەدەستە پێی جیاواز (٣+٤)، (٤+٣)، (٥+٢) (٢+٥) بەکار هێناوە ، وەك لە دەقی کۆترە باریکەدا دەڵێت :

تیشکی زێرینی ڕۆژ سا ٥ +٢ لوتکەی بەفرینی چیا ٥+٢

ڕوون کردو تاری نەما ٣+٤ لە زەنگی زیندەگی دا[٢٨] ٣+ ٤

**کێشی(٨ )بڕگەیی:-**

ئەم کێشەش بە دەستەی پێی (٢+٤+٢) ،(٤+٤) ،(٥+٣)، (٣+٥) ڕۆڵ دەبینن لە بنیاتی ئاوازی دەقی (قەلو ڕێوی) دا.

ڕۆژێ لــە ڕۆژانـــا قەلێ ٢+٤+٢ ڕاوەستابوو لەسەر چڵێ ٤ +٤

سەلکێ پەنیری لە دەنووك ٥+٣ ویستی کە بیخوا لە هەلێ[٢٩] ٥+٣

**کێشی (١٠ )بڕگەیی**

---

[25] دڵدار تەمەنێکی کورتو ئەزمونێ:ی زیندوو ،ڕۆڤار،ل ٣٠ ٠

[26] بەرگی دووەمی شیعر و ئەدەبیاتی کوردی ، ڕەفیق حیلمی ،ل ١٥ ٠

[27] منداڵ و ئەدەب، نەوزاد عەلی ، سلێمانی ، ١٩٨٨،ل٣٩ ٠

[28] دیوانی دڵدار ، چ١، ل٤٤ ٠

[29] هەر ئەو سەرچاوەیە ، ل٣٤ ٠

ئەم کێشە بەدەسپێی (5+5) لە دەقی (منداڵی هیوادا) دەبینرێت ٠

منداڵی هیــوا کولــەکــەی دڵان

تازە خونچەکەی نێو باغی گوڵان

هەرچەندە سەیری نێو چاوت دەکەم

نابینم گـــــەردێ نـــــەزۆر و نەکـەم [٣٠]

بەم پێیە شاعیر بە بەکارهێنانی کێشی برگـەیی ئـاوازی شـیعرو ریتمـی مۆسـیقا تێکـەڵ بـە هەسـتە ناسکەکانی دەروونی منداڵ دەکات.

**دووەم : سەروا**

سەروا وەك ڕەگەزێکی گرنگی بنیاتی شیعر، هاوشانی کـێش بەشـداری پێکهێنـانی ئـاوازی دەرەوەی دەق دەکات و (لەنگـەری شـەپۆلی دەنگـەکانی دێـڕە شـیعر ڕادەگرێ دەبـێ بەزایەڵـەو دەنگدانـەوەی دەنگـە هاوجنسەکانی تری ناو هەمان دێڕو دەنگە هاوبەشەکانی دێڕەکانی تـری سـەروا، دووبـارە بوونـەوەی دەسـتە دەنگێك و جۆرە ریتمێکی ئاوازەیی دروست دەکات و هەست و سۆزی هەڵچووی نـاوەوە رێـك دەخـات بـەرەو ئامانجی خۆی ئاڕاستەی دەکات) [٣١]

سەرواش (دەنگێ یـان زیـاتر دووبـارەکراوەی ناوبنیـاتی هەڵبەسـتێکەو بەگشتی دەکەونـە دوا پێـی ئەودانە ئاوازەییانەی کە هەڵبەستەکەی لێ پێك دێت ٠٠٠مەبەستیشمان لە تەنها دەنگی هەر بزوێنە درێژەکانە، ئـەگینا نـەبزوێن ناتوانێـت قافیـە پێـك بهێنێ ئەگـەر بزوێنێکـی لەگەڵـدا نـەبێت، واتـە دەبـێ بزوێنـی پـێش نەبزوێنەکان وەك یەك بن نەك هەر نەبزوێنەکان خۆیان)[٣٢]

شاعیرە نوێکەرەوەکانی بزاڤە نوێیەکـەی شـیعری کـوردی گرنگـی سـەروایان لـە پێکهێنـانی ئـاوازدا لەبەرچاو گرتبوو، هەر بۆیە لە پێناو بـەدیهێنانی ئـاوازی نوێـدا، چـەند جۆرێـك سـەروای هەمـەڕەنگیان بـەکار هێناوە ، کە پێشتر لە شیعری کوردیدا نەبینراوە،دڵداریش یەکێکە لەو شـاعیرە دەرکەوتووانـەی (کـە شـیعری کوردیان لە ڕوی کێشو سەرواو ئاواز و ماناو وشەوە نوێکردەوە) [٣٣] ٠

هەر لێرەوە ڕوو لە چۆنیەتی مامەڵەکردنی شاعیر لەگەڵ سەروادا دەکەین:-

**أ- سەروای یەکگرتوو :**

ئەم جۆرەی سەروا بە یەکێك لەسیماکانی شیعری کلاسیکی دادەنرێت بە تایبەت لـە بنیـاتی شیعری غەزەلو قەسیدەدا لەسەرەتاوە تا کۆتایی یەك جۆر قافیە بەکارهاتووە، دڵداریش لەسەرجەم دەقە کلاسـیکی یەکاندا پابەندی سەروای یەکگرتوو بووە هەروەك لە دەقی سزاواری دەڵێت:-

لە حەسرەت دەردی بێ دەرمانی دوریت وا پەشۆکاوم

لـە شێوانی جەفــا ئـــامێزی مـــأوای دڵ پەشێــواوم

ئەزانی چی بە عەقڵو هۆشی کردم قەشمەری خەڵقی

---

30 دیوانی دڵدار ، چ١ ، ل٣٧ ٠

31 سەروا، عەزیز گەردی، ل٣٩ ٠

32 بنیاتی هەڵبەست لە شیعری کوردیدا ، دڵشاد عەلی، ل١٠٢

33 اغانی کردستان : معروف خزنەدار، ص٢٥

گەلێ جار لێم ئەشێوا خوایەی چی بێ مبدئی نـــاوم (٣٤)

ئەوەی تێبینی دەکرێت ، شاعیر تەنها سەروای یەکگرتووی بۆ ئەو دەقانە بەکار نەهێنا کە لە سەر کێشی (عەروزی)ین ، بەڵکو ئەم سەروایەی کردە بنەمای پێکهێنانی ئاوازی هەندێك لەو دەقانەی کە لەسەر کێشی بڕگەیی چنراون‌و ئەمەش بەسەرجەم دەقە ریالیزمیەکانییەوە دەبینرێت، وە هەڵبژاردنی دەنگی (ۆ، ا، ێ) بۆ سەروای دەقەکانی، لەگەڵ ئەو شێوە چیرۆکییەی کە لە ناوەرۆکی دەقەدایە وای کردووە لە هەندێ شوێندا زۆر لە خۆکردنی پێوە دیار بێت پەنا بباتە بەر وشەی نەگونجاو لە پێناوی سەروادا هەروەك دەڵێت:—

گۆچانی دەستی دەستەندووی جووت بوو
دەنگی نووســــابوو بەهـێ هـێو هـۆ هـۆ
........................................
دوو سێ ڕەش و ڕووت ولاغیـــان هێنـا
دەغڵیـــان بارکـــرد بەلـێ لـێو لـۆ لـۆ (٣٥)

یان دەڵێت :

وتم ئەوا هات فەرموونە ئێرە
من لەو قسانە و عەولا لە ژێر ڕا(٣٦)

ئەم جۆرە مامەڵەکردنەی شاعیر لەگەڵ کێشی بڕگەو سەروای یەکگرتوو لە پێناو دەرخستنی لایەنی هونەرمەندی خۆیی‌و شێوازێکی تایبەت بەخۆی بوو، چونکە (شێوازناسی لە هەموو ئاستەکاندا (دەنگ، وشە ،ڕستە) کاردەکات و تایبەتێتی جۆرە شێوازێك و شێوازی نوسەرێك لە شێوازەکانی نوسەرەکانی تر جیا دەکەنەوە)(٣٧)

**ب ـ سەروای هەمەڕەنگ:**

بەکارهێنانی سەروای هەمەڕەنگ بەیەکێك لە سیمای بزاڤە نوێیەکەی شیعری کوردی دادەنرا کە ڕێگای داهێنان و سەربەستی لە بەردەم شاعیردا فراوانتر کرد، ڕەنگێکی نوێیان بە بزاڤەکە نوێیەکە ڕشت ، گۆران لە بەراوردی نێوان سەروا لە هەڵبەستی کۆن‌و نوێدا دەڵێت : "هەڵبەستی کۆن دوای هەموو بەیتەکانی بەدرێژایی کشانی قەسیدە یان غەزەل لەسەریەك قافیە ئەڕوا، بەلاَم یەك قافیە لە هەڵبەستی تازە دێڕەکان زۆرتر دوو ئەبەستێ پێکەوە لای ئەو پەڕی لەقافیەی بەندی دێڕەکانی یەك بەند زیاتر تێناپەڕێ"(٣٨)

لەو وتەیەی گۆران ئەو ڕاستییە گەلاَلە دەبێت کە شاعیرانی نوێخواز پەیوەست نەبوون بە بەکارهێنانی یەك جۆر لە قافیە ، ئەمەش بۆ زیاتر بەخشینی ئاوازی هەمەڕەنگ بەدەقەکانیان و زیاتر سەرنجی خوێنەریان بۆ لای خۆیان ڕاکێشا.

34 دیوانی دڵدار ، چ١، ل٤٩ ٠
35 هەر ئەو سەرچاوەیە ، ل٥٦–٥٧ ٠
36 هەر ئەو سەرچاوەیە ، ل٦٨ ٠
37 سەروا، عەزیز گەردی، ل١٥٦ ٠
38 گۆران نوسین و پەخشانە وەرگێڕاوەکانی ، ئومێد ئاشنا، ل٢٨ ٠

ئـەو سـەروا هەمەڕەنگانـەی کـە دڵـدار لـە پێکهێنـانی ئـاوازی دەقەکانیـدا مامەڵـەی لەگـەڵ کـردوون ئەمانەن:–

**مەسنەوی** : بریتیە لەو بەیتەی کە سەروای تایبەتی خۆی هەیەو لەسـەروای بەیتـەکانی تـر جیـا دەبێتـەوە ، سەرچاوەی وەرگرتنو ژیاندنەوەی ئەم جۆرە سەروایە لای شاعیرانی نوێکەرەوە فۆلکلۆری کـوردی و شـیعری شێوەزاری گۆران بوو، بەکارهێنانی ئەو سەروایەش لای دڵدار کاتێك پەڕەی پێدرا ، لە (نامەیەك بۆ دڵـزار) دا دەڵێت:

دیتم کە جار جار ئەو لێو بە بارە
دەست هەڵئەبڕێت و تۆی لێ دیارە
چونکە خەیاڵی بەژن و باڵاکەت
تیشکی ڕووناکی شەوقی لالاکەت [٣٩]

**مووەششەح:**

شاعیرانی نوێخوازلە ڕەوتی نوێکردنەوەی شیعری کوردیدا پەنایان بردووەتەبەر بەکار هێنانی ئەم جۆرە لە سەروا وەك قاڵبێکی نوێی شیعر ،ئەویش لە ئاکامی تێکەڵاو بوونیان بە ئـەدەبی بێگانـەوە ، هـەر بەنـدێکی موەششەحیش چەند لەتێکی هەیە کە بەشێوەیەکی تایبەتی ڕیز دەبنو سیستەمی سەروای قافیـەی لەتـەکان بەیەکەوە دەبەستێتەوە[٤٠]، دڵداریش لە گۆڕینی تۆپۆگراف شیعرەکانیدا کە تێیدا سەروای موەششەح ڕۆڵێکی بەچاو دەگێڕێت پەنای بردووەتە بەر بەکارهێنانی ئەم جۆرەی سـەرواو داهێنـانی خـۆی لـەو بارەیـەوە تۆمـار کـردووە، بەتایبـەتی لـە دەقـە ڕۆمانسیەکاندا ،هـەروەك لـە دەقـی (خەنـدەکـەی بـایی، گـوڵی سـور، زوڵـفو ئەگریجەی یار)دا دەبینرێت لەو سێ دەقەشدا قاڵبی جیاوازی سەروای بەکار هێناوە :

١–لە دەقی (خەندەکەی بایی) دا سەروای قوفڵ و مەتلەع هاوسەروایە بەمە سەروبنی هەر بەنـدێك بەیەکـەوە گرێ دەدرێو لە بەندەکانی تری دادە بڕێ واتە هیچ پەیوەندییـەکی سـەروابەندی لـە نێـوان بەنـدەکان نییـە، دەقەکە لە (٧) بەند پێکهاتووە، هەر بەندێکی مەتلەعی خۆی هەیە، لە هەر بەندێکدا سەروای قوفڵو مەتلـەع یەك شتە هەروەك دەڵێ:–

جووانی خونچەیی بوو واکـــەپەنجەی ڕازی ڕاکێشـــای
دەسەیری چەن بەوەصلی زوڵفی خاوت شادو مەسرورە
لە ڕووی ڕاستی ئەتۆش وەك ئەو گوڵێکی چیمەنی دنیای
کە چی تـاجی دڵـی هێشتا دڵـت لەم حـاڵـە ڕەنجوورە
بە خەندەی نەرمی دڵ پاکیت
ئەخۆم سوێندێ بە روناکیت
ئەگەر هەستی بە ژین وابێ لە جـەرگـی ڕاستیـا دوورە [٤١]

ئەوەی لەم مووەششەحە دەگیرێ ئەوەیە بەدەگمەن موەششەح دەوری دوو سەمتە هەمیشە سێ سەمت بەسـەرەوەیە ، مەتلـەع چـوار لەتـە بـەدوو سـەروای لـەدوای یـەك بەیەکـەوە بەسـتراون، سـەمت دوو لـەتی

39 دیوانی دڵدار ، چ١ ،ل٤١ ٠
40 سەروا ، عەزیز گەردی ، ل٢٩٧–٢٩٨ ٠
41 دیوانی دڵدار ،چ ١ ، ل٥٢ ٠

مەسنەوییە ، قوفڵ یەك/ تاكە لەتە/و سەرواكەی بۆ مەتلەع دەگەڕێتەوە (مەسروورە، رەنجوورە، دوورە) قاڵبە سەرواكە بەم جۆرەیە [٤٢]

AB AB /CC/B

٢–دەقی (زوڵفو ئەگریجەی یار) لە سێ بەند پێكهاتووە ، لە هەر بەندێكدا مەتلەع دوو لەتەو هاوسەروایەو قوفڵ یەك لەتەو سەرواكەی لەگەڵ سەروای مەتڵەعو سەمتەكان یەكدەگرێتەوە كە سەروای (ازە) یە ئەم جۆرە مامەڵە كردنەی دڵدار بە داهێنانی دڵدار دادەنرێت وێنەی لەناو ئەدەبی كوردیدا كەمە٠ سەد ماشا الله یارم چەندە بەنازە

دڵم دەسوتێنێ بەم چاوە بازە

گەردنی قازە

شەهێن و بازە

بۆ روح دڵخوازە

بە عیشوەو نازە

لێوی پشكووتووە وەك خونچەی تازە [٤٣]

قاڵبی سەرواكەش AA/AAAA/A

٣–لە دەقی گوڵی سووردا مەتلەع و قوفڵ بەیەكەوە دوو لەتن لە نێوان خۆیاندا سەروای موتەناوییبیان پێك هێناوە لەتی یەكەم لە مەتلەعو قوفڵ سەرواكەی (ین)ە ، لەتی دووەمیشیان (ا)یە ، ئەم پەیوەندییە موتەناوییە نێوان لەتەكان بۆ بەندەكانی تریش بەردەوام دەبێ ، واتە هەموو مەتلەعو قوفڵەكان ئەم دوو سەروایەیان هەیە كە هەموو مووەششەحەكە بەیەكەوەی گرێ دەداو وەك یەك پارچەی لێك نەپچڕاو كۆی دەكاتەوە سەر یەك، هەمان سەروا لەئاستی هەر بەندێكیشدا هەمان دەوردەبینێ ئینجا سەمتی دەورەكان سەروای تایبەتی خۆیان هەیە

قاڵبی سەرواكەش بەم جۆرەیە[٤٤] AB/CCC/AB

گوڵی سوور ئەی كچی نەورۆز ئەرێ كام دەس لە باغی ژین

لە بۆ یەك دەفعە بۆنكردن بەناكامی ئەتۆی هێنا

ئەوێستاكەش بەژاكاوی

وەها بێ قەدرو تۆزاوی

لەسەر رێگا فرێ داوی

لەجەور و ظلمی ئەودەستە پەریزادەی بەیان لەرزین

لە دەوری ئەم چڵەی لێ ی بووی پەپوولەی زەردو سورگریا [٤٥]

---

42 سەروا ، عەزیز گەردی، ل٢٩٩ ٠

43 دیوانی دڵدار ، چ١ ، ل٦٢–٦٣ ٠

44 سەروا ، عەزیز گەردی، ل٢٩٩ ٠

45 دیوانی دڵدار ، چ١ ، ٥٩ ٠

**- چوارین:**

چوارین پارچەیەکی چوار لەتییە کێش و سەروای تایبەتی خۆی هەیەو پارچەیەکی مەبەستێکی تایبەتی دەردەبڕێ، [٤٦] دڵداریش چەند چوارینێکی وەك دەڵێت:-

ڕوحی کە ئەسوڕاوە لە نێوباغی سەفا
دڵ خرمو هیچ نەی بوو شتێك جۆری بدا
(خوا) ویستی کەنیشانی بدا واقعی تاڵ
هاویشتیە نیو منبعی سەد جەورو جەفا [٤٧]

قاڵبی سەرواکەشی (AABA ) ە

دەقی (ئەنفیەت کانی) لەشەش (چوارینە) پێکهاتووە قاڵبی سەرواکەشی بریتییەلە: AAAA/BBBA

ئەنفیەت کانی دەڵێن مسكو گوڵاوی تێکەڵە
داروەکازیشت لە دارستانی گوندی هەرتەلە
باش ئەکەی تقلیدی لەنجەی شابازە شەلە
مەیلی ئەشعاری وەکو جارانە ئایا ئەم حەلە [٤٨]
..........................................

جگە لەم دەقە لە دەقی (بۆ ئەو کەسەی کە) لە چوار چوارین پێکهاتووە قاڵبی سەرواکانیش بەم شێوەیەن ABCB/CDED/FGFF/HIHI

لێرەدا ئەو ڕاستییەمان لا گەڵاڵە دەبێت کە بەکارهێنانی ئەو سەروایانەو چۆنییەتی مامەڵەکردنی لەگەڵ سەروای چوارینەکاندا بەشێوەیەکی ناوازە بەکار هاتوون و لە سنوری باوی قاڵبی سەروای چوار خشتەکی دەرچوون بە تایبەتی لە چوارینی یەکەمو دووەمو سێیەمیاندا،دەتوانین بە قاڵبی سەروای نوێی شاعیری دابنێین.

**پێنجین:**

پارچە هۆنراوەیەکی پێنج لەتییە کە بەپێی سیستەمی تایبەتی سەروا دادەرێژرێ، جا ئەو پێنج لەتەچ بەتەنیا پارچەیەکی سەربەخۆ پێك بێنن و چ پارچەیەك بن لەناو هۆنراوەیەکی دوورو درێژ بە زۆری دابەشی پارچەی پێنج لەتی دەکرێت. [٤٩]

هەندێك جار وادەبێ شاعیر لەسەر دەقی شاعیرێکی تر پێنجین دروست دەکات ئەویش بەوەرگرتنی دوو لەت یان زیاتر دەبێت ، بەڵام ئەوەی لای دڵدار سەرنج ڕادەکێشێت ئەوەیە کە (پێنجین)ێکی لەسەر دەقێکی خۆی (نائومێدی) پێکهێناوە، کە لە حەوت پێنجین پێك هاتووە لەتەکانی پێنجینی یەکەم هاوسەروان ، بەڵام لەتی

46 سەروا ، عەزیز گەردی، ل٢٠٤ ٠

47 شیعرەکانی دڵدار، دڵدار شاعیری شۆڕشگێڕی کورد، عبدالخالق علاءالدین ،ل١٩٣ ٠

48 دیوانی دڵدار ، چ١ ، ل٥٠ ٠

49 سەروا ،عەزیز گەردی ، ل٢١٥ ٠

یەکەمو دووەمو سێ یەمو چوارەمی پێنجی دووەم سەرواکەی دەگۆڕێ و لەتی پێنجەم سەرواکەی لەگەڵ لەتی پێنجێنی یەکەم دێتەوە،لەپێجینەکانی تریشدا هەمان سیستەم پەیڕەو دەکات قاڵبی سەرواکەشی بەم شێوەیەیە

AAAAA/BBBBA/CCCCA

ئەم قاڵبەش بە دیارترین قاڵبی (تەخمیس) لە شیعری کلاسیکی کوردی دادەنرێت، لە دەقی (تەخمیس) دا دەڵێت :

طبیب نەیزانی حاڵ من ، چ جۆرە دەردە دارێکم
بەکام عیللەت گرفتارو لەبەر چی شـەوبێدارێکم
وتم پیێ ی عاشقی مأیوس و مات وخـاکسارێکم
زەدەی تیری نیگاهی فیتنـە پەردازی نیگارێکم
گیراوی داوی زوڵفی مشکبـاری گوڵ عوزارێـکم [٥٠]

لەم پێنجینەدا دوو لەتی کۆتایی پێنجینەکانی لەدەقی نائومێدی وەرگرتووە لە پێناوی بەدەست خستنی سەروای گونجاودا هەندێ گۆڕانکای لە سەروای دەقی (نائومێدی)،کردووە،هەروەکو گۆڕینی فرێزی (تاکو ئیستاکە) بە (وامن ولەیلا)[٥١] لە لەتی چوارەمی کۆتا پێنجین دا.

<u>تەسمیت</u> :

تەسمیت لە بنچینەدا لەسەر چۆنیەتی دابەشبوونی سەروای لەت هاتووە نەك دێر ژمارەی لەتەکانی پارچەی تەسمیت بەزۆری لە نێوان (٤–٨) دایە [٥٢] کە چەند شێوەیەکی هەیە ، ئەو جۆرە تەسمیتەی لای دڵدار بەکارهاتووە دووبارە بوونەوەی لەتێك لەبەیەکەوە گرێدانی پارچەکانی تری دەقەکەدا ڕۆڵ دەبینێت، لەدوو دەقدا پەیڕەوی ئەم شێوەیەی کردووە، (لاوی کوردان) موسەمەتی چواری، لە(١٦) چوارین پێکهاتووە لەتی چوارەم لە هەموو چوارینەکان دا (گەنجی کوردان هەر لەدەوری مەی دەکەن غیرەتەکەش)ی دووبارەبوەتەوە ، دەڵێت :

تۆ ئـەزانی ئـەی وەتەن  ئیمڕۆ کـە بۆچی بێ بەشی
بۆچی دەستی شـەو نیشـان تۆ ئەدا نامـەی ڕەشی
پێت بڵێم ئەسبابی گـەورەی زیللەت و چـارە ڕەشی
گەنجی کوردان هەر لەدەوری مەی ئەکەن غیرەت کەشی [٥٣]

لە دەقی کۆتاییدا زۆرجار (گەنجی کوردان) دەبێت بە (لاوی کوردان) (لاوی ئێمەش) (عەیبە چی تر) ، (ئێوە تاکەی ...) .

---

50 دیوانی دڵدار ، چ١ ،ل٦٠ ٠

51 هەر ئەو سەرچاوەیە ،ل٦٠ ٠

52 سەروا ،عەزیز گەردی ، ل٢٧٨ ٠

53 دیوانی دڵدار ، چ١ ، ل٢٦ ٠

موسەمەتی پێنجی لە دەقی (بلێ سەربەستی ئەی لاو) پەیڕەی کراوە ، دەقەکە لە سێ پێنجین پێکهاتووە لەتی پێنجەم لە هەموو پارچەکانی (لەگەڵ لاوی نهێنی کورد بلێ سەربەستی سەربەستی) دووبارە بووەتەوە.

جگە لەو شێوە سەروا هەمەڕەنگانەی باسمان کرد، دەبینین دڵدار بەشێوەیەکی داهێنانە مامەڵەی لەگەڵ سەروادا کردووە و وەك لەدەقی (ئەی نازەنین) دا دەبینرێت، دەقەکەی بە لەتێك دەست پێدەکات و هەمان لەت لەکۆتایی دەقەکەدا دووبارە بووەتەوەو دەقەکە پێی قوفڵ کردووە ، لە ناوەندی ئەو لەتانەشدا چوار پارچەی شەش لەتی و (تیکەیەك) دەبینین لەسەر شێوەی موستەزادە، هەر پارچەیەکیش سەروای تایبەتی خۆی هەیە ، جیایە لەسەروای پارچەکانی تر ، بەمەش گۆڕانکاری لە تۆپۆگرافی دەقەکەدا کردووە لە ڕێکخستنی لەتەکاندا شێوازێکی نوێ دەبینرێت بە سەروایەکی دەگمەن دادەنرێت و قاڵبی سەروای دەقەکەش بەم شێوەیەیە:-

A/BBBBBBb/DDDDDDd/GGGGGGg/A

لێرەشەوە ڕوو لە سەروای (شیعری منداڵان) ی شاعیر دەکەین و هەردوو جۆرە سەروای یەکگرتوو هەمەڕەنگیشی بەکار هێناوە .

**<u>سەروای یەکگرتوو</u> :**

شاعیر بە شێوەیەکی بەرفراوان ئەم جۆرەی سەروای بەکار هێناوەو ئاوازی دەقەکانی لەسەر چنیوە، لەدەقی منداڵانیشدا پەیڕەوی سەروای یەکگرتووی کردووە وەك لە دەقی (قەلو ڕێوی)[٥٤] دا دەردەکەوێت ئەم دەقەی دڵدار بەلای ئێمەوە بە یەکەم دەقی شیعری منداڵان لای شاعیر دادەنرێت، بەڵام دواتر لە پێکهێنانی ئاوازی جۆراو جۆر بۆ منداڵان پەنای
بردووەتە بەر بەکار هێنانی سەروای هەمەڕەنگ و چەند شێوەیەکی بەکار هێناوە لەوانەش:

**<u>سەروای مەسنەوی</u> :**

ئەم شێوەیەی سەروا لای شاعیر ، لە دەقی (منداڵی هیوا) دەبینرێت شێوەی ئەم سەروایە بەستنی لەتەکان بەیەك سەرواوە وادەکات کە ئاوازێکی سوك بکەوێتە بەر گوێی منداڵ و زیاتر چێژی لێ وەربگرێت:

شاعیر دەڵێت: ئومێدی دوا ڕۆژ ڕۆڵەی هیوا تۆی
خـــاوەنی فیکرو بیکرو باڵا تۆی
هیـــوام بەتۆیە ئەی تازە منـــاڵ
بەیـــانی ببیە نموونەی میـــساڵ[٥٥]

**<u>چوارین</u>** : شاعیر لە دەقی (ڕۆڵەی تازە)دا پابەندی سەروای چوارینی کردووە دەقەکەش لە پێنج چوارین پێ دێت، لەهەر چوارینێکیش لەتی یەکەم و دووەم چوارەم یەك سەروای چوارینێکیش لە پارچەیەکی بۆ پارچەیەکر تر دەگۆڕێت.

من ڕۆڵەی کوردستانم      تازە ڕۆڵەی کوردانم
تاکو وڵات سەرکەوێ      فیدایە ڕۆح و گیانم[٥٦]

---

54 هەرئەو سەرچاوەیە، ل ٣٤ .

55 دیوانی دڵدار،چ١، ل٣٧ .

قاڵبی سەرواکەش AABA,CCDC....

ئەم قاڵبەش بەدیارترین قاڵبی چوارینی لە ئەدەبی کوردیدا دەژمێرێت٠

**تەرجیع بەندی موسەممەت:**

هەرچەندە جۆری ئەم سەروایە لە داڕشتنی قاڵبی هەڵبەستی کلاسیکیدا دەبینرێت بەڵام دڵدار لە دەقی (کۆتره باریکە)دا ئەم شێوە سەروایەی بەکار هێناوە ، دەقەکە لە حەوت پارچە پێکهاتووە ، پارچەی یەکەم دووبارە بووەتەوەو پارچەی حەوتەمی پێکهێناوە ، لە هەر پارچەیەکیشدا یەك لەت لە کۆتایی پارچەکاندا دووبارە بووەتەوە کە قافیەی لەتەکەش لەگەڵ قافیەی لەتەکەی تری پارچەی یەکەمی یەك دەگرێتەوە ، بەڵام لەگەڵ قافیەی پارچەکانی تر نایەتەوە، دەڵێت : ککو ککو کوو کوو کوو بەسیە نوستن خەواڵو

چاو هەڵبێنە هەڵسە زوو هەلی ژینت لەدەست چوو

ککوو ککو کوو کوو کوو [57]

**زمانی شیعری : –**

زمان کەرەستەیەکی بنەڕەتی پێناسێنی سروشتی شیعرە ، شیعرییەتی زمانیش لەچۆنیەتی مامەڵەکردنی شاعیر لەگەڵ وشەدا و بەکاربردنێتی لەپێناو بەرهەمهێنانی مانادایە لەسنوری دەقدا کەلەزمانی ئاخاوتن جیای دەکاتەوە ، بەواتایەکی تر وشە لەناو شیعردا لەکارکردنێکی میکانیکیدا دەبێت و لەپرۆسەی بەرهەمهێنانی مانای دەقدا ڕۆڵ دەگێڕێت،جوانی و کاریگەری سیحری و شەش (لەو هەست و سۆزەدایە لەو وێنەو تاقیکردنەوەدایە کە ئەیبزوێنێ و بەرپای ئەکات ، هەروەها لەوەدایە کەبەشێوەیەکی زیندویی گیاندار ئەو هەموو مانایەی تیا کۆبووەتەوە دەری ببڕێ و پیشانی بدا جا لەمەبەدەر هیچ مەرجێکی تر نییە،هەر وشەیەکی بیگری ئەتوانی گیانی پێ ببەخشی و بیکەی بە وشەیەکی شیعری)[58] بێگومان بەخشینی ئەو گیانە بەهۆی چڕکردنەوەی مانای شیعرو بەکارهێنانی تایبەتی زمانی شیعرەوە دەبێت ، ئەمەش کەوتووەتە سەر توانای داڕشتنی شاعیر لەبەخشینی سیمایەکی ئیستاتیکیانە بە دەق و جیاکردنەوەی زمانی شیعر لە زمانی ئاسایی ، هەر وەك دڵدار خۆی دەڵێت"شوێنی زوبان لەئەدەب وەك شوێنی بۆیاغ لە ڕەسم و مەڕمەڕ لەهەیکەل و تار لە موسیقادایە ، ئایا ئەتوانین بڵێین کە ڕەسم ڕەنگ و بۆیاغە ؟ تەبیعی نەء ،بەڵام چۆنیەتی تەرتیب کردنی ئەم ڕەنگ و بۆیاغانە بە سورەتێکی کەوێنەکێش مرازی بووە بووە بەڕەسم....عەینی قیاسیش لەسەر زوبان بکەن سەیر دەکەن کە زوبان ئەدەب نییە ، بەڵکو ئەم مەعنایە کە ئەدیب ئەیەوێ لەگوێگر وەیا خوێندەواری بیگەیەنێ"[59]،بەم پێیە دەبینین دڵدار زۆر وردبینانە لەزمان دەڕوانێت ٠

لەگەڵ ئەو ڕۆڵە گرنگەی زمان دەیگێڕێ شاعیرانی نوێکەرەوە گرنگی ئەم ڕەگەزەیان لە نوێکردنەوەی شیعردا لەبەرچاو گرتبوو ، چونکە لەپاڵ گۆڕینی ناوەرۆکی شیعردا زمانیش گۆڕانی بەسەردا

---

56 هەر ئەوسەرچاوەیە ، ل٣٦ ٠

57 هەر ئەو سەرچاوەیە ، ل٤٤ ٠

58 ئەدەب و ڕەخنە ، عەزیز گەردی ، ١٩٧٤ ، ل٦٢ .

59 زوبانی کوردی و ئەدەبیات ، دڵدار ، دڵدار شاعیری شۆڕشگێڕی کورد ، ل١٠٢ .

هات و هەر(سەردەمێكیش زمان و وێنەی تایبەت بەخۆی هەیە ، شاعیریش لەداڕشتن و وێنەگرتن و دەربڕینی خواستی سەردەمەكەدا ناتوانێت ناوەرۆك لە ڕوخسار دابڕێت)(٦٠) .

ئەو ماوە ئەدەبییەی كەدڵدار پیایدا تێپەڕی هەمەڕەنگی ناوەڕۆكی لە دەقەكانیدا بەرهەم هێناو تاقیكردنەوە شیعرییەكانی لەنێوان كلاسیك و ڕۆمانتیك و ڕیالیزمدا خەملاند، وەك لەبەشی دووەمی باسەكەماندا ئاماژەمان پێكرد ، لەگرتنەبەری هەر ڕێبازێكیشدا زمانە شیعرییەكەی گۆڕانی بەسەرداهاتووە ، بۆیە بەپێی ڕێبازەكان و چۆنیەتی مامەڵە كردنی شاعیر لەگەڵ زماندا ڕواڵەتە نوێیەكانی ئەم ڕەگەزە لە شیعرەكانی دا دەردەخەین .

دڵدار لەسەرەتای تەمەنە شیعرییەكەیدا لەگرتنەبەری ڕێچكەی كلاسیكدا دەگەڕێتەوە سەر گەنجینەی زمانی كلاسیكی و لەوێوە كۆمەڵێك دانەی زمانی وەردەگرێ و دەقەكانی پێ دادەڕێژێت ، هەر وەك دەڵێت: –

زەدەی تیری نیگاهی فیتنە پەردازی نیگارێكم
گیراوی داوی زوڵفی مشكبـاری گوڵعوزارێـكم
ئەوی نەیدیبێ ئێشی دڵ وە یا ئـازاری دڵداری
چوزانێ من لە ئێشـانی چ سوتاو و فـگارێكم(٦١)

لێرەدا شاعیر كۆمەڵێك وشە لە فەرهەنگی شیعری كلاسیكی وەردەگرێت ، وەك(فیتنە پەرداز ، مشكبار...)هەر وەك عەزیز گەردی دەربارەی زمانی شیعری دەقە كلاسیكییەكانی شاعیر دەڵێت"دڵدار لەسەر شێوەی بوێژە كۆنەكان گەلێ بایەخی داوە بەوێنەو ڕوخسار واتە بەدیالێكت ، تابە ناوەرۆك و بەدوای وشەی زل زل گەڕاوە ، وشەی عەرەبی و فارسی خستووەتە ناو هۆنراوەكەی" (٦٢).

بەڵام دڵدار لەدەقە كلاسیكیەكانیدا بەرێژەیەكی كەم وشەی بێگانەی بەكارهێناوە تا خوێنەر نەخاتە ناو گێژاوی واتاو لێكدانەوەی قوڵ و لەتێگەیشتنی مانای دەقەكان ماندوویان بكات، هەر وەك دەڵێت"ناشبێ لەسەر ڕێگەی كۆنەكان – كلاسیكی – نووسەر كەلیماتی عەرەبی و فارسی بەڕادەیەك بەكاربهێنێ كە خوێندەواری كورد بهاوێتە سەر تەماشاكردنی فەرهەنگی ئەم دوو زمانە"(٦٣) .

لەهەنگاوی كلاسیكی نوێدا لەگەڵ گۆڕینی ناوەڕۆكی شیعری دڵداردا و لەئاكامی ئەو بارە شۆڕشگێڕییەی كە ئایدیای شاعیری داگیر كرد بوو وشەو دەربڕینەكان شێوەیەكی تریان وەرگرت ، لە زمانی بێگانەوە كۆمەڵێك وشەی نوێی بەكار برد لەشیعرەكانیدا كەپێشتر لەفەرهەنگی شیعری كلاسیكیدا كەمتر بەكار هاتبوون ئەم جۆرە وشانەش بەشداریان لەداڕشتنی دەقە سیاسی و شۆڕشگێڕیەكانیدا كردو زمانی شیعری دڵداریان دەوڵەمەند تر كردو سیمایەكی نوێیان بەدەقەكانی بەخشی لەوانە(فەللاح ، ثری ، ادمان ،

60 النقد الأدبي الحديث ، د.محمد غنيمي هلال ، ١٩٧٣ ، ص٤٠٨ .
61 دیوانی دڵدار ، چ١ ، ل٥٥ .
62 كلاسیك و ڕۆمانتیك و ڕیالیزم ، عەزیز گەردی ،گ:هەولێر، ژ:٤ ، ل٢١ .
63 نوسینی كوردی ، دڵدار ، دڵدار شاعیری شۆڕشگێڕی كورد ، عبدالخالق علاء الدین ، ل١١٣ .

مخرب ،ئەسلەحە كفاح ، حرية....) تەوزيف كردنی ئەو وشانە لەدەقەكانی شاعیردا كەم و زۆر پەیوەندییان بەتاقیكردنەوەی خودی شاعیرەوە هەبوو .

كاتێك وشە لەواتای فەرهەنگی خۆی دەردەچێت ڕەهەندێكی تر وەردەگرێت ، شاعیر دەلالەتێكی نوێیان دەداتێ و لێرەشەوە كارامەیی شاعیر لە توانای داهێناندا رۆڵ دەبینێت ، ئەرستۆ دەڵێت"ئەگەر وا هاتە بەرچاو وشەیەك شتێك دەردەبڕێ عەقڵ نایگرێ دەبێ لێی بكۆڵرێتەوە ئایا ئەم وشەیە لەم شوێنە دەكرێ چەندین مانا بەخشێت "[٦٤] .

هەر لەم ڕێچكەیەدا دەبینین دڵدار واتای نوێ دەخولقێنێت ئەویش لەڕێی باركردنی وشەكان بەواتایەكی نوێ ، هەر وەك دەڵێت:

لە وەختی گەنجی گەنجیدا دەبێ ڕەنجێكی گەنجی دەی
نەوەك وەختت بڕەنجێنی لەنێو جێگاو نوێنت بی[٦٥]

بەكارهێنانی وشەی(ڕەنجاندن)لە واتای فەرهەنگی خۆیدا بە واتای دوركەوتنەوە یان دڵ شكاندن دێت ، بەڵام دڵدار واتای(فێرۆدان)ی بەخشیوە ، بێگومان دروست بوونی ئەم مانا نوێیە لە تەوەرەی تەكنشینی وشەكانەوە هاتووەتە كایەوە .

وەك ئاشكرایە زمانی شیعری نوێی كوردی لەژێر كاریگەری قوتابخانەی نوێگەری توركی گۆڕانی بەسەرداهات و بەرگێكی تری كرا بەبەردا ، شێخ نوری شێخ صالح و گۆران ڕۆڵێكی دیاریان گێڕا لەگۆڕینی زمانی شیعری وەك شێخ نوری لەدەقی (ئادەمیزاد)دا دەڵێت :

لەناو شەپۆلی خەما سەرنگون و بێ ئارام
بەكێوی سەختی ژیان بەپێ بەچنگەڕنێ
خەریكی هەڵمەتی سەركەوتنە بگاتە سەری
لەپڕ نشێوی كلۆڵی بواری لێ ئەتەنێ
بەداوی یەئس و ئەلەم تاروپۆی لەئاخ و لەزام[٦٦]

شاعیر هەندێك وشەی نوێی ناو ئەدەبی توركی هێنایە ناو ئەدەبی كوردییەوە ٠

دڵداریش لەیەكەم هەنگاوی ڕێچكەی ڕۆمانسیەتدا زمانی شیعری بەلاسایی كردنەوەی ئەدەبی عوسمانی گۆڕی ، هەر وەك مارف خەزنەدار دەڵێت" دڵدار لەبەكارهێنانی وشەی فەرهەنگی و تەعبیر واتە شیعری تازە ، ئەو كۆمەڵە تەعبیرانەی بەكار دەهێنا كەزۆریشیان عەرەبی بوون ، ئەو تەعبیرو وشانە لای نوێكەرەوەكانی شیعری كوردی كەشێخ نوری‌و ڕەشید نەجیب و گۆران بەكاریان دەهێنا لەدوای ئەوان دڵدار لەشاعیرە دیارەكان بوو بڵاوی دەكردەوە"[٦٧]

---

64 هونەری شیعر پویتیكا ، ئەرستۆ تلس ، و:د.حەمید عەزیز ، سلێمانی ، ٢٠٠٥ ، ل١٣٠.

65 دیوانی دڵدار ، چ١ ، ل١٨ .

66 دیوانی شێخ نوری شێخ سالح ، ئازاد عبدالواحد ، ل ٢٢٩.

67 چاوپێكەوتن لەگەڵ مارف خەزنەدار ، هەولێر ، ٢٠٠٧/١/٣٠ .

پاشان دڵدار بەبەرنامەوە هەنگاوبەرەو بەکارهێنانی کوردی پەتی دەنێت ، هەر وەك بوونی فەرهەنگێکی زمانی شیعری کوردی دەبەستێتەوە بە چۆنیەتی مامەڵەکردن و برەودان و فراوانکردنی زمانی شیعری بەو پێیەی زمان یەکێکە لەئامرازە گرنگەکانی دەربڕین تا فەرهەنگی زمان دەوڵەمەند تر بێت ڕێگای داهێنان لەبەردەم شاعیر فراوانتر دەبێت ، ئەم بۆچونەشمان لەو تێڕوانینەی دڵدار خۆیەوە هاتووەتە ئاراوە کەسەبارەت بەچۆنیەتی مامەڵەکردنی لەگەڵ کوردی پەتیدا دەڵێت"حەدی ناوەنجی بەسەر پێ لێ هەڵبڕیندا هەڵ دەبژێرم کەنابێ ئێمە زۆر بە کوردیەکی پەتی بنووسین ، چونکە بۆ ئەم ئینقیلابە گەورەیە ئامادە نەبووین هێشتا هەرچییەکی کەپێویستی ئەم کارە بێ نەمان کردووە ، کە ئەویش فەرهەنگێکی کوردی دانان و ئەم فەرهەنگە جگە لەمە پەرەپێ سەندن ، ئینجا کوردی پەتی نووسینەوە"[٦٨] .

یەکێکی تر لەو سەرچاوانەی که دڵدار فەرهەنگی شیعری خۆی پێ دەوڵەمەندکرد شیعرەکانی مەولەوی بوو توانی لە دەریای فەرهەنگی ئەودا چەند دڵۆپێك بخوازێت و فەرهەنگی شیعری خۆی پێ ئاوپرژێن بکات ، لەلایەکی تریشەوە پەیوەست بوونی شاعیرانی نوێخواز بەهەستە نەتەوایەتیەکەوە بوارێکی نوێ لەبەردەم زمانی شیعریدا کردەوە کە لێرەدا نابێت ئەو ڕۆڵە گرنگەی پیرەمێردی شاعیر لەپاککردنەوەی زمان لە وشەی بێگانە فەرامۆش بکەین ، هەر وەك لە(کوردی ڕەوان)دا نموونەیەکی بەرزی کوردی پەتییە دەڵێت:

سبەینێ بوو لەخـــەو هەستام کەڕوانیــم بەفرە باریوە
سلێمانـــی دەڵێی بەڵقیـــسە تارای زیـوی پۆشیــوە
دەمێك بوو چاوەڕێ ی بەفرێکی وابووم مژدەبێ باری
سەرم بەفرە کەچی هێشتا شەڕە تۆپەڵمە بۆ یـــاری[٦٩]

هاتنە ناوەوەو بەکارهێنانی کۆمەڵێك دانەی زمانی نوێ لە شیعردا یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی شیعری نوێی کوردی دادەنرێت ، دڵداریش وەکو شاعیرێکی نوێخوازی سەردەمی خۆی کۆمەڵێك دانەی زمانی دەهێنێتە ناو شیعرەکانییەوە کەپێشتر ئەو دانە زمانیانە وەکو کەرەستەی شیعر بەشێوەیەکی بەرچاو مامەڵەیان لە گەڵدا نەکرابوو ، بەتایبەتی لە دەقی(خەندەکەی بایی و گوڵی سور)دا لەبەکار هێنانی زمانی ئاسایی لای داوەو شۆڕبووەتەوە بۆ ئەو دیوی زمان و بەدوای مانای نوێدا گەڕاوەو هەموو ئەمانەش لە پێناوی بەرزی زمانی شیعردا بووە ، هەروەك ئەرستۆ دەڵێت :" زمان کاتێك بەرزو شکۆمەند دەبێت کەزاراوەی نائاسایی بەکارهێناو دەستی لەوشەی ئاسایی و ڕاهاتوو هەڵگرت"[٧٠]

بەرزی زمانی شیعری دڵداریش لەو دەقە ڕۆمانسیانەی ئاماژەمان پێدا لەئاکامی ئەو سۆزە ڕاستەقینەیە کەلەژێر باڵی ئەندێشەی داهێنراودا بیری پێ دەردەبڕێ بەواتا یەکێك لەو ڕەگەزانەی نووسەر بەرجەستەی ئەندێشەی خۆی پێدەکات زمانەو ، لەڕێی پەیوەندی نێوان واژە ناباوەکان ، داڕشتنێکی نوێ بەزمان دەبەخشێت لە ڕێی چۆنیەتی ڕێکخستن و بەکارهێنانی شاعیرانەوە ئاستی مانا لە شیعرەکانیدا بەرز دەکاتەوە، وەك لەدەربڕینەکانی (پریشکی تیشکی ئەستێرە ، کونجی دڵی تاریك ، کچی نەورۆز ، تاجی دڵ

---

68 نوسینی کوردی دڵدار ، دڵدار شاعیری شۆڕشگێڕی کورد ، ل١١٣ .

69 دیوانی پیرەمێرد ، ل ٢٧٨ –

70 هونەری شیعری پویتیکا ، ئەرستۆتلیس ، و:د٠حەمید عەزیز ،ل١٠٤ ٠

،شەوقی مانگ،ڕەنگی پەلکە ڕەنگینە، پەلکی تازە پێگەیشتوو ، چەژەی تاڵاوی غەمگینی ٠٠٠هتد ) دەیبینین٠

لەڕێبازی ڕیالیزمدا شاعیر بۆ دەربڕینی بیرو ئایدیای چینی چەوساوەکان بە زمانی ئەوان دەدوێت و گوزارشت لەویژدانیان دەکات لەپێناوی گەیاندنی مەبەستدا بە زمانی لادێ نشینەکان دەدوێت ، هەر وەك كۆمەڵێك دانەی زمانی لەكەرەستەی كوردەواری وەك(چیخێك ، هامان ، سێڵێك،....)بەكاردێنێت، ڕووكردنە ئەو دانانەی زمانیش لەپێناو دەوڵەمەند كردنی زمانە شیعرییەكەیدا بوو ٠

د.عیزەدین مستەفا دەڵێت"شاعیری كورد بۆ پەیداكردنی وشەی كوردی ڕەسەنی لە شیعری پێشوو بەكار نەهاتوودا سەری كردە سەر سامانی ئەدەبی فۆلكلۆری و چووە ناو خەڵكەكەوە بۆ ئەوەی لە وشەو قسەی ڕۆژانەوە سامانێكی گەورەو تازە پەیدا بكات و لەناو شیعری كوردی زیندوی و جوانی بەو وشانە ببەخشێت"[٧١] ، بەڵام ئەوەی تێبینی دەكەین لە شیعرە ڕیالیزمەكانی دڵداردا بە تایبەتی لەدەقی (توتنەوان)دا ئەوەیە هەندێ جار لەپێناوی گەیاندنی بیردا پەنا دەباتە بەر دووبارەكردنەوەی چەند وشەیەكی وەك(داو ، لەكوێ ، چۆن ، ئەڵێم ، پارە ، دینار ،...)كە ئەمەش ئەگەر لەلایەكەوە لە خزمەتی گەیاندنی بیردا كار بكات ، ئەوا لەلایەكی ترەوە بەتایبەت لەلایەنی جوانی ڕوخسارەوە لاوازی دەبەخشێتە دەقەكان ،هەروەها دەبینین شاعیر لەم شیعرانەدا دەگەڕێتەوە سەر بەكارهێنانی زاری ناوچەیی ، تایبەتی شێوە ئاخاوتنی كۆیە وەك(نەخۆش لێنە ، نۆهەت دینار ، خوارداشت ، ...).

كەواتە دەتوانین بڵێین زمانی شیعری دڵدار بە سێ قۆناغدا تێپەڕیوە :

قۆناغی یەكەمیان بە لاسایی كردنەوەی ئەدەبی كلاسیك كۆمەڵێك دانەی زمانی لەو گەنجینەیە وەرگرتوەو بەكاری هێناوە ئەمەش لە شیعرە كلاسیكییەكانیدا ڕەنگی داوەتەوە٠

قۆناغی دووەمیان لە ژێر كاریگەری ئەدەبی توركی و كاریگەری سەرەتاكانی بزاڤە نوێیەكەی شیعری كوردی لەسەر دەركەوتووە ،هەنگاوی بەرەو بەكارهێنانی كوردی پەتی ناوە٠

قۆناغی سێیەمیان بە تەواوی دەستبەرداری وشەی بێگانە دەبێت و گەڕاوەتەوە سەر بەكارهێنانی كوردی پەتی كە هەندێك لە دەقە ڕۆمانسیەكان و ڕیالیزمییەكانی وسەرجەم دەقی منداڵانی پێ داڕشتووە ٠

دڵدار لەهەر سێ ڕێبازە ئەدەبیەكەدا وردبینانە مامەڵەی لەگەڵ وشەدا كردووە ، لەڕێی بەكارهێنانی هونەرەكانی ڕەوانبێژی(جوانكاری)وشەیی یان واتایی ڕواڵەتێكی هونەرییان بەدەقەكانی بەخشیوە لەوانە:

(ڕەگەزدۆزی) وەك یەكێك لە هونەرەكانی جوانكاری وشەیی ئەوەیە(دوو وشە یان پتر بێنی لەڕواڵەت دا وەكو یەك وابن یان بەیەك بچن ، بەڵام هەریەكەیان واتای تایبەتی خۆی هەبێت كەجودابێ لەواتای وشەكانی تر)[٧٢] ، وەك دەڵێت:

دەسا (دەی) جامەكەی جامی سەری كەی بێ فەلاتون بێ
بنۆشــــە باوەڕیت وابێ كەلەم كـــاروانـــە كـــاروانـــە[٧٣]

---

71 ئەدەبیاتی نوێی كوردی ، د.عیزەدین مستەفا رەسول ، ل٤٦ .
72 ڕەوانبێژی لەئەدەبی كوردیدا ، عەزیز گەردی ، بەرگی دووەم ، ل٧ .

لەنیوەی دووەمدا دووجار وشەی(کاروانە)بەکارهاتووە یەکەمیان بە واتای(کاروان)دێ و دووەمیان لە(کار + وانە)بەواتای کاروبار بەو شێوەیە بەڕێوەدەچێت ٠

ڕەگەزدۆزی ناتەواویش (ئەوەیەدوو وشە یان پتر لەژمارەو جۆرو شێوەو ڕیزی پیتەکان لەیەك جیاواز بن)[٧٤] .

ئەبیـــنی ژیـــان کێوێکی بەرزە

ڕێگەی خواروخێچ بەترس و لەرزە[٧٥]

جیاوازی هەردوو وشەی(بەرز ، لەرز)لەگۆڕینی پیتی(ب)بە(ل)زۆرجار(ڕەگەزدۆزی)یە کەلە جیاوازی ژمارەی پیتەکان دێتەکایەوە دەڵێت:

کەسێ کەس بێ لەدونیادا کەساسی دەستی دەورانە

لەژینا ناکـــەسی بەدکار لەجـــاهی عـــزەت و شـانە[٧٦]

لەنێوان(کەس)(کەساس)، ژمارەی پیتی(کەس) سێ پیتە و (کەساس ) پێنج پیتە .

(پات کردنەوە)ش لە هونەری ڕەوانبێژیدا بەوە پێناسە دەکرێت( وشە و دەستەواژەیەك زیاتر لەجارێك بەدوای یەکتر دوپات دەکرێتەوە)[٧٧].

بۆ نمونە دڵدار دەڵێت :

بەمەستی خۆت لەپەستی عەقڵ و ئەندێشە تەوەلاکە

ئەوی ڕۆیـــووە ڕۆیـــووە ئەوی نەبـــووە لە پەنهانە[٧٨]

لێرەدا وشەی(ڕۆیووە)دووبارە بووەتەوە .

(هێنانەوە)ش بریتیە لەوەی کە نووسەر وشەیەك لەسەرەتا یا لەناوەڕاستی هەڵوێست یا دێڕە هۆنراوەیەك بێنێ پاشان هەمان وشە لەهەڵوێستەکە دووبارە بێتەوە)[٧٩]

خۆشی ژیانم خۆشی ژینتە

ئێشی ژینی من ڕۆژی شینتە[٨٠]

وشەی(خۆش)لەسەرەتاو ناوەڕاستی نیوە دێری یەکەم هاتووەتەوە ، وشەی(ژین)لە کۆتایی نیوە دێری یەکەم ناوەڕاستی نیوە دێری دووەم هاتووەتەوە .

(لێ وەرگرتن)یش هونەرێکی جوانکاری وشەییەو(ئەوەیە کە هۆنەر وەیا نووسەر هەندێ وشە بە گوزارەکەیەوە لەشتی تر وەرئەگرێ و ئەیخاتە ناو بەرهەمەکەی خۆیەوە)[٨١] هەندێ جار وەرگرتنەکە کە

---

73 دیوانی دڵدار ، چ١ ، ل٤٧ .

74 دیوانی دڵدار، چ١، ل١٥ .

75 هەر ئەو سەرچاوەیە ، ل٣٨ .

76 هەر ئەو سەرچاوەیە ، ل٤٦ .

77 جوانکاری لە ئەدەبی کوردیدا ، ئیدریس عەبدوڵڵا ، ل٤٩ .

78 دیوانی دڵدار ، چ١ ، ل٤٧ .

79 ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردیدا ، بەرگی دووەم ، عەزیز گەردی ، ل٤٣ .

80 دیوانی دڵدار ، چ١ ، ل٣٥ .

ئایەتێکی قورئان یان فەرمودەیەکی پێغەمبەر دەبێت ، دڵداریش ئایەتێکی لە سورەتی( النجم ) وەرگرتووە لەم دێڕەدا (اقتباس)ی کردووەو دەڵێت:

ڕۆژێ فەرمـــووت (لیس للانســـــان الا ما سـعی)

هیچ کەسێکیش هێندی فەللاح ئیش و کێلانی نیە[82]

لەجوانکاری واتایشدا وشەی هاو واتایی بەکارهێناوە ، وەك دەڵێت:

برا نابی تعجب کەی لە وەضعی ناکەس و دووڕوو

کەوا افلاك و گەردوونیش وەکو ڕووی ئەو لە گۆڕانە [83]

لێرەدا وشەی (افلاك) و (گەردوون) هاو واتان ٠

(دژیەك)یش دەچێتە خانەی جوانکاری واتاییەوە ، مەبەست لێی (هێنانەوەی دوو وشەی دژ بەیەکە لەدێڕێکدا)[84] .

بە ڕۆژ ترساو ئاساوی زڕەی کاسەی شەوی پێشۆم

بەشەو سەرخۆش و مەستی جامی قەهری ڕۆژگارێکم[85]

هەر یەك لە وشەکانی(شەو ، ڕۆژ)دژ بەیەکن .

(تیل نیشان)یش ئەوەیە کە(هێما بۆ داستانێك یان کارەساتێك یان پەندێکی پێشینان یان ئایەتێکی قورئان بکات)[86] . دڵدار دەڵێت:

دەمی(بیور)عەدوی(دار)ە ، بەڵام کلکی ئەویش دارە

بەهۆی کوردە ئەتۆ غافل کەوا ئەمڕۆ شکانراوی[87]

ئاماژەیە بەو پەندەی کە دەڵێت(دار ئەڵێ تەور کلکی لە خۆم نەبێ نام بڕێ)

(پۆشین) یش ئەوەیە کەشاعیر یان نووسەر(وشەیەك بێنێت ئەو وشەیە دوو واتا بگەیەنێت ، یەکێ دوور یەکێ نزیك)[88]، بۆ نمونە دڵدار دەڵێت:

بەهۆی ڕوناکی هەڵستاین لەخەو

بەڕێمان یەخست نەحسی شومی شەو[89]

لێرەدا وشەی (ڕوناکی) دوو مانا دەبەخشێت ، مانا نزیکەکەی بە واتای(ڕوناکی)یە ، مانا دوورەکەشی مەبەستی گۆڤاری(ڕوناکی)یە . شاعیریش مەبەستی لەگۆڤارەکەیە

---

81 خۆشخوانی ، علاء الدین سجادی ، ل٨٨ .

82 دیوانی دڵدار ، چ١ ، ل٢٣ .

83 هەر ئەو سەرچاوەیە ، ل٤٦ .

84 جوانکاری لە ئەدەبی کوردیدا ، ئیدریس عەبدوڵلا ، ل٧٩ .

85 دیوانی دڵدار ، چ١، ل٤٦ ٠

86 ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردیدا ، بەرگی دووەم ، عەزیز گەردی ، ل١٠٣ .

87 دیوانی دڵدار ، چ١ ، ل٢٠ .

88 ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردیدا ، بەرگی دووەم ، عەزیز گەردی ، ل٨٠ .

89 دیوانی دڵدار ، چ١ ، ل٢١ .

(بادانەوە)ش(پیشەیەکی قەشەنگی ترە لەپیشە جوانکاریەکان و بریتییە لەوەی کەلەپێشدا قسەیەك بکەیت و بەدوای قسەکردنەکە ڕاستەوخۆ نکوڵی بکەیت و شتەکە بەجۆرێکی تر هەڵبگێڕیتەوەو لێك بدرێتەوە)[٩٠]، وەك دڵدار دەڵێت:

مەی لەبەردەم بێ کە ئیمرۆ عادەتێکی جارییە

عادەتی چی ؟ موئنسی چی ؟ پیشەی بێ کاریە[٩١]

دڵدار(مەی)بەعادەتێك دادەنێت ، بەڵام لەنیوە دێڕی دووەمدا بادەداتەوە لەعادەت دەری دەکات و بە پیشەی بێکارەکانی لەقەڵەم دەدات .

(ڕوونکردنەوە)ش هونەرێکی ترە لە جوانکاری واتایی دا(بریتیە لەوەی شاعیر یان نووسەر دوای ئەوەی باس لەشتێکی دیاریکراو دەکەن ، دواتر پرسیار بۆ شتەکە دروست دەکەن بە وەڵامی پرسیارەکە شتەکە چاکتر روون دەکەنەوە)[٩٢] دڵدار دەڵێت:

نرخی ئارەقەی رونی ماندویم

تیکە نانێکە چ نان نانەجۆ

ئەویش بەبێ دۆ[٩٣]

لێرەدا شاعیر باری جوتیاری ڕەنجدەر و پاداشتی ماندوو بوونەکەی ڕووندەکاتەوە بۆ خوێنەر کە ئەو نانی جوتیارە نانی جۆیە پێخۆریشی لەگەڵدا نییە .

سەرەڕای ئەو هونەرانەی کە ئاماژەمان پێکرد چەند هونەرێکی تری وەك(داڕشتنی داخوازی ، ڕوو لەوکردن(التوجیە)فرە واتایی...)لەپێناوی بەدیهێنانی جوانکاری واتاییدا بەکارهێناوە ، هەموو ئەمانەش سەلیقەو توانای شاعیر لەچۆنیەتی بەکارهێنانی دانە زمانیەکە دەردەخات .

یەکێك لەو دیاردانەی کە سیمایەکی تایبەتی بەشیعری دڵدار بەخشی بەکارهێنانی وشەی شێوەزاری سلێمانییە کەبێگومان بەکارهێنانی ئەو وشانە دەگەڕێتەوە بۆ کاریگەربوونی شاعیر بە شاعیرە نوێکەرەوەکانی ناوچەی سلێمانی ، هەر وەك د.عیزەدین مستەفا رەسول دەڵێت"دیاردەیەکی تر لەشیعری نوێی کوردیدا وەکو بەکارهێنانی شێوازی سلێمانی بوو بە تەکنیکی شیعری بەکارهێنانی وشەی شێوەزاری ناوچەکانی تری کوردستانە"[٩٤] ،دیارترین بەکارهێنانی شێوەزاری سلێمانیش لە شیعرەکان و تەنانەت لە نوسینەکانیشدا لەگۆڕینی نیشانەی(دە)یە بۆ(ئە)لەتاقی کاری ڕانەبردوودا ، وەك (ئەبێ ، ئەگەوزێنێ ، ئەخاتە ، ئەدا ....)دەڵێت:

کە لێ ی وون ئەبێ بانگ ئەکا هەی یار

بە کوڵ ئەگرێی هـــاوار هــەی هـــاوار[٩٥]

---

90 ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردیدا ، بەرگی دووەم ، عەزیز گەردی ، ل٩٢ .

91 دیوانی دڵدار، چ١ ، ل ٢٥ .

92 جوانکاری لە ئەدەبی کوردیدا ، ئیدریس عەبدوڵلا ، ل١٤٦ .

93 دیوانی دڵدار ، چ١ ، ل٥٨ .

94 ئەدەبیاتی کوردی ، عیزەدین مستەفا رەسول ، ل٤٦ .

95 دیوانی دڵدار ، چ١ ، ل٤١ .

دیاردەیەکی تر لەو دیاردانەی کەلە شیعرەکانی دڵدار بەدی دەکرێت ، گۆڕینی چەندین وشەو دەستەواژەی شیعرییە کە لە گۆڤار و چاپە جیاجیاکانی دیوانەکەدا بڵاوکراوەتەوە ، هەندێك لەو گۆڕانە لەئاکامی بەرەوپێش چون و گرنگی دانی شاعیرە بەزمانی شیعری و جوانی وێنەی هونەری ، بۆ نموونە : بەیتی(١١)ی دەقی (ئەی بادی شەماڵ )لە چاپی یەکەمی دیوانەکەدا بەم شێوەیە بڵاوکراوەتەوە .

نەرگسی شەهلای چاوی خومـــارت

خەرمانەی زوڵفی لەسەر روخسارت [٩٦]

بەڵام لەچاپی سێیەمی دیوانەکەیدا کە لە ساڵی (١٩٨٣) کە لەبەر دەستنووسەکەی نووسراوەتەوە، لە نیوە دێڕی دووەمی ئەم بەیتەدا شاعیر وشەی (لەسەر) بە وشەی (ماه) گۆڕاوە، بەمەش دەقەکە جوانتر بووە،چونکە (خەرمانەی زوڵفی ماهی ڕوخسار) جوانکاریەکی زیاتر دەبەخشێت بە وێنەکە، وەك ئاشکرایە کاتێك مانگ خەرمانە دەدات تیشکێکی بازنەیی بەدەوری مانگدا پەیدا دەبێت کە لە کوردەواریدا دەوترێت (مانگ خەرمانەی داوە)، ئەم گۆڕانکاریەش لای دڵدار لە ئەنجامی خوێندنەوەی زیاتری خۆی و توانا شکاندیەتی بەسەر ماناو بەکاهێنانی وشەو دەستەواژەدا، تا وشە و دەربرینەکانی جوانتر بەهێزتر خۆیان بنوێنن، جگە لەوانەش چەند گۆرانکاریەکی تر دەبینین، وەك :

وا زوڵمەت ڕۆیی دەرکەوت ڕوناکی

بە عیلم و فـەن و ڕوخسـاری پـــاکی

...........................

ڕەشی شـــەو ڕۆیی لەسەر کێوانت

ڕوناکی جێی گـرت لە ڕووی جوانت [٩٧]

دێری یەکەم گۆڕاوە وشەی (زوڵمەت) گۆراوە بە (تاریکی)، هەروەها نیوە دێڕی (ڕەشی شەو ڕۆیی لەسەر کێوانت) گۆراوە بە (نەحسی شوم ڕۆیی لەسەر لێوانت ) پاشان شاعیر ئەم سێ دێڕەی بۆ شیعرەکە زیاد کردوەو، دەڵێت:

میللەت روناکــــی مایەی ژیـانە

نۆبـــەی چالاکــــی لاوی جـوانـــە

ئینجا سەیری کەن هونەری قەڵەم

تـاکو بەرزی کەین عێراق و عەلەم

خودا ڕوناکـــی دورکەی لە شـــقاق

شوعلە بەخشی کەی لە خاکی عێراق

هەروەها هەندێ وشەی ئەم دێرەش گۆرانکاری بەسەردا هاتووە.

جامی یەکەم فڕ ئەکەیت تۆ هەستی دڵشادی دەکەی

شاد و نۆشی چی بێ یـــاران عیلەتێکــی ســـاریە [٩٨]

---

[96] دڵدار ، رەفیق حیلمی گ:گەلاوێژ ، ژ: ١٠ ، ١٩٤٣ ، ل ١٩.هەروەها دیوانی دڵدار چ١ ،ل٤١ .

[١] گ.روناکی ،ژ: ٢ ، ١٩٣٥ ،ل ١٢ هەروەها دیوانی دڵدار ،چ١ ، ل٢١ .

وشەی (تۆ) لا براوە کاری کردووەتە سەر کێشەکە و لەنگی کردووەبەمەش دەقەکە لەڕووی کێشەوە شێوێنراوە ٠

هەروەها لەم دوو دێرەدا : چاوم پشکوتــوی شاخەکـــانته

فێری ژیـــانی باخــەکـــانته

من درەختێکم لــەو باخـــە ڕوام

بــە خۆشەویستی تۆوە ئـاودرام [٩٩]

وشەی (ژیان) بووە بە (سەیران) ، دەستەواژەی (من درەختێ بووم گۆڕاوە ) نەو نەومامێ بووم

دائەمێنی رەنجە ڕۆ دەس لە ئەژنۆ قوڕ بەسەر

ڕاستە شاهی بێ شەریك باکــی گەدایانی نییە

سا بە سایەی قودرەتت بوو ماڵەکەی بێ بەهرە ما

خۆ قەزایـــە سرقەتی کـــرد راستـــە گومانی نیــە [١٠٠]

وشەی (دائەمێنی) بووە ڕائەمێنی ، هەروەها وشەی (قەزایە) بوە بە (قەزابوو )

سەلکێ پەنیری لە دەنـــوك ویستی کە بیخوا لە هــەلــێ

ویستی بە فێڵێ لێ ی سەنێ دەستی پێکرد پێی هەڵ بڵێ

ڕێـوی پـــەنیری قۆزتـــەوە بـــەڵام لەپێش ئەوەی هەڵێ

وتی ئەوجـــا بەسە نەفـــام گوێت لێ بێ ڕێـوی بۆت بڵێ [١٠١]

لە دێڕی یەکەمدا وشەی (ویستی) بووە بە (گرتبوو) لە دێری دووەمدا بووە بە (دەیەوێ) وشەی بەڵام بووە بە ئینجا ، وە وشەی (بۆت بڵێ )بووە بە (پێت بڵێ).

هەروەها لە دێڕی

پێ ویستم بە زانینە زانین بناغەی ژینە [١٠٢]

وشەی (پێویستیم) بووە بە (پێویستی مە)

بۆ بەجێ هێناکاری جوان لە ڕێگەی میحنەتن [١٠٣]

وشەی بۆ بووە بە (بە) و (جوان)یش بوە بە (چۆن) ٠

بیر و هۆشی خۆت بەکاربهێنە

ئەم دانەو داوە یــەك یەك ببینە [١٠٤]

وشەی (ببینە) بوو بە (بپسێنە)

---

98 شیعرەکانی دڵدار ، عبدالخالق علادین ، ل ١٨١ ، هەروەها دیوانی دڵدار ، چ١ ، ل٢٥ ٠

99 شیعرەکانی دڵدار ، عبدالخالق علادین ، ل١٨٢ ، هەروەها دیوانی دڵدار ، چ١ ، ل٣٥ ٠

100 شیعرەکانی دڵدار ، عبدالخالق علادین ، ل ١٨٤ ، هەروەها دیوانی دڵدار ، چ١ ، ل٢٤ ٠

101 شیعرەکانی دڵدار ، عبدالخالق علادین ، ل ١٨١ ، هەروەها دیوانی دڵدار ، چ١ ، ل ٠٢٥

102 شیعرەکانی دڵدار ، عبدالخالق علادین ، ل١٩٩ ، هەروەها دیوانی دڵدار ، چ١ ، ل٢٦ ٠

103 شیعرەکانی دڵدار ، عبدالخالق علادین ، ل ٢٠٤ ، هەروەها دیوانی دڵدار ، چ١ ، ل٢٧ ٠

104 شیعرەکانی دڵدار ، عبدالخالق علادین ، ل ٢١٧ ، هەروەها دیوانی دڵدار ، چ١ ، ل٣٩ ٠

ئینسافت هەبێ سەیری حاڵم کە

ڕەوشتت چۆنە چۆنت منت هێنا[١٠٥]

لێرەدا جێگۆرکێ بە جێناوی کەسی لکاو کراوە، دەستەواژەی (چۆن منت هێنا) بووە بە (چۆنت من هێنا). هەروەها لە دیڕێکی تردا دەڵێت:

ئەرێ ئەی دۆستی دڵسۆزم بە بێ سوچ من مەڕنجێنە

سەبر دەرمانی دڵ ناکا کـــە من پەیوەندی یارێکم [١٠٦]

نیوە دێڕی یەکەم گۆڕاوە بە (ئەرێ ئەی ناصیحی موشفیق بەبێ سود من دڵ مەڕەنجێنە ).

ئەگەر هەندێك لەو گۆرانکاریانەی کە لەسەرەوە ئاماژەمان پێکردبۆ خودی شاعیر بگەڕێتەوەلەپێناو دەوڵەمەندکردنی زمانە شیعرییەکەیدا بێت لە ڕووی (واتاو وێنەی شیعری)یەوە ئەوا هەندێکی نر لە گۆڕانکارییانە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو نووسەرانەی کە بۆ یەکەم جاردەقەکەیان بڵاو کردووەتەوە

بۆ نموونە ئەم دێرە بەم شێوەیە گۆڕاوە

کوردستانی خۆش نیشتیمانی جوان

قیبلەمی دینمی خوامی بێگومان [١٠٧]

ئەوەی لێرەدا سەرنجی ئێمە ڕادەکێشێت گۆڕینی نیوەدێڕی دووەمی دێڕی کۆتایی دەقەکەیە، بە (تۆ قیبلەگاهی دڵی بێ گومان) لە لایەن (ڕەفیق حیلمی و گیو موکریانی)ەوە هۆی ئەم گۆڕینەش لەلایەن ئەونوسەرانەوە دەگەڕێتەوە بۆ تێڕوانینی تایبەتی خۆیان ،چونکە بەلایانەوە دەرخستنی بیرو بۆچونێکی وا لە کۆمەڵگای ئیسلامی کوردەواریدا بەکارێکی نەشیاو و دوور لە نەریتە باوەکان دەوەستێتەوە، نیشتمان و خاك هەرچەند خۆشەویست بێت ، نابێت بگەیەندرێتە ئاستی پەرستن ، هەر بۆیە دەبینین چ ڕەفیق حیلمی چ گیو موکریانی لە ڕووی ئەو تێڕوانینەوە دەستکاری ئەو نیوە دێڕەیان کردووە ، بەڵام ئەمە ئەگەر لە ڕوویەکەوە بەسوودی کۆمەڵ دابنرێت ئەوا لە ڕوویەکی ترەوە جۆرێك لە چەواشەکاری دێنێتە کایەوە بەرامبەر بەتێگەیشتن لە دەقە شیعرییەکانی دڵدار ۰

هەروەها لە دێڕی

سا بە سیە غرور ، ساتی ببەین سا

من نەی دەمێ دڵداری و تۆ دەنگی طیور [١٠٨]

ئەم دێڕە شیعرە دێڕێکە لە شیعری بۆ (ئەو کەسـەی کـە) کـە لـە ژێـر کاریگـەری دەقـی (بهـاردە)ی تۆفیق فیکرەت لە دایك بووە، هەروەکو لە بەشەکانی یەکەم و دووەم ئاماژەمـان پێکـرد، ئـەوەی بـووە جێـی سەرنجمان نەگونجاندنی وشەی (نەی دەمێ)یە، لەگەڵ دێڕە شیعریەکەی دڵدار لە ڕوی واتاوە، ئەمەش وای لێ کردین بگەڕێینەوە سەر دەقەکەی تۆفیق فیکرەت کە دەڵێت :

تــرك ایـــــــت دە غـــــــروری

---

[105] شیعرەکانی دڵدار ، عبدالخالق علادین ، ل ٢٢٣ ، هەروەها دیوانی دڵدار ، چ١ ، ل٧٠ ۰

[106] دیوانی دڵدار چ١، ل٥٥ ،ل٦١ ۰

[107] شیعرەکانی دڵدار ، عبدالخالق علادین ، ل١٨٢ ۰

[108] دیوانی دڵدار چ١، ل ٣٣ ۰

گـــــل دیکلیـــــه لــــــــم گــل

بن زمزمه  شعری ، سن اهنگ طیوری [١٠٩]

و له ئاكامى بەراوردكردنى هەردوو دێڕەكە له ڕووى واتاو پەیوەندى واتایى ئەو وشەیە لەگەڵ وشەكانى پاش و پێشى دێڕەكەدا گەیشتینه ئەو ڕاستییەى ، كه شاعیر وشەى (زەمزەمە)ى بەكارهێناوه، بەڵام بەكارهێنانى وشەى (نەى دەمێ) له دیوانەكاندا دەگەڕێتەوه بۆ كەمتەرخەمى له ساغ كردنەوەى دەستنوسەكەى  دڵدار، له لایەن ئەو نووسەرانەى كه چاپه جیاوازەكانى دیوانەكەى دڵداریان بڵاوكردووەتەوه.

یەكێكى تر لەو دیاردە بەرچاوانەى كه له زمانه شیعریەكەى دڵداردا به دى دەكەین ، بەكارهێنانى (ئەى ،ئەرێ)ى موخاتەبه ، هەروەك :(ئەى ڕەقیب، ئەرێ ئەى لاو، ئەى خودایه، ئەرێ ئەى كورد ، ئەى نەكەى گیانه ، ئەى وەتەن، ئەى برا، ئەى نەغمه خوانى، ئەى تازه منالْ، ئەى بادى شەماڵ، ئەى نازەنین، ئەرێ ئەى یار، ئەى شۆخ، ئەرێ ئەى دۆست، ئەى كچى نەورۆز، ئەرێ كام، ئەى گوڵى غەمگین، ئەى واعیزى دانا، ئەى چاوى خەواڵو، ....... ) دەبینرێت، بووەبه سیمایەكى تایبەتى دەقەكانى ٠

هەندێك جاریش شاعیر ، له پێناوى گەیاندنى ناوەڕۆكدا،دەكەوێته هەندێ هەڵەى ڕێزمانییەوه، هەروەك له دەقى (لاوى كوردان) تێبینى دەكەین، ئەگەر له ناونیشانى ئەم دەقه وردبینەوه دەبینین دڵدار ئاراستەى شیعرى بۆ (لاوى كوردان)ه واتا (كۆیه)، بۆ سەرجەم لاوانى كورده ، بەڵام لەناو دەقەكەدا له هەندێ شوێندا، به تاك قسه دەكات و دەبێت به لاوى كورد،بۆ نموونه دەڵێت:

كامى لێ دەربوو له ڕێگـــــەى سەربەخۆیى دا ژیـــــا

هەڵسه هەڵسه بەس له دەورى مەى بكەن غیرەتكەشى

به پێى كردارەكەى نیوه دێرى دووەم (هەڵسه) دەبینین داواكردنەكه ئاراستەى تاك كراوه كه كەسى دووەمى تاكه (تۆ)یه ، بەڵام له كردارى (بكەن) هەر لەو دێڕەدا ئاراستەى (ئێوه)كراوه، به هۆى جێناوى كەسى لكاوى (ن) بۆ كەسى دووەمى كۆیه، كه بڕواى ئێمه دەبوو بەم جۆره بووایه یا (هەڵسه هەڵسه بەس له دەورى  مەى بكه غیرەت كەشى ) یا (هەڵسن هەڵسن بەس له دەورى  مەى بكەن غیرەت كەشى) بۆ ئەوەى له ڕوى  ڕێزمان و واتاوه گونجاو تر بێت.

له شیعرى مندالأنیشدا دڵدار مامەڵەیەكى تایبەتى لەگەڵ زماندا كردووه، بۆ گەیاندنى واتاو تێگەیشتنى ئەو توێژه كۆمەڵێك دانەو وشەى له ئاستى تێگەیشتنى بیرى ئەواندا بەكارهێناوه، چونكه هەر وشەیەك هەڵگرى مانایەكى تایبەتى و هێزێكى دەربڕینى تایبەتییه، ئەم مانا و هێزەش ئەوەیه كه له ڕێرەوى مێژوو له ئەنجامى چەندەها تاقیكردنەوەى كۆمەڵایەتییەوه بەدەستى هێناوه، كەواته منداڵ ناتوانێ ماناى وشه تێبگات، ئەگەر له ئاستى تاقیكردنەوەى ژیانى خۆیدا نەبێت یان ماناى ئەو وشەیه له مەبەستێكى ڕۆژانەدا دەرنەكەوتبێ. [١١٠]

ئەو وشەو دەربڕینانەش كه ئەو دەقانەى پێ داڕشتوه، تەواو كوردى پەتین و وشەى بێگانەى تیادا نابینرێت، ئەمەش له پێناو زیاتر ئاشنا كردنى مندالأنه به ڕاستیەكانى ژیان بۆ ئەو مەبەستەش شاعیر

---

[109] تۆفیق فیكرەت و شاعیره نوێخوازەكانى كورد، ئەحمەد تاقانه ، ل٤٤ ٠

[110] چەند وتارێك دەربارەى ئەدەب و ڕەخنەى كوردى، كەمال مەمەند،ل٢٨ ٠

کۆمەڵێك دانەی زمانی بەکارهێناوە کە لەگەڵ مەبەستی دەقەکاندا کە خۆی لە مەبەستی (پەروەردەیی، نەتەوەیی، وە گرنگی دان بە زانست) دەبینێتەوە یەکانگیرەو وەك(زانست، وەتەن، ئومێد، سیوەیل، روناکی، تێکۆشەر، مەردی ڕاستگۆ...) هەروەها شاعیر هەوڵی داوە لە ڕێی (دەنگ)ەوە سەرنجی منداڵ بۆ ناو دەقەکە ڕابکێشێت، واتە وشەکان بەیەکەوە تا دەنگیان تیادووبارە بێتەوە، گوێی مۆسیقی منداڵ دەکاتەوە، دووبارەکردنەوەی کاری تێ دەکات و شا گەشگەی دەکات.[111] هەروەك دڵدار لە دەقی (کۆترە باریکە)[112]، سەرنجی منداڵ بۆ لاسایی کردنەوەی دەنگی کۆتر ڕادەکێشێت.

شاعیر لە ڕێی زمانی وەسفەوە تایبەتمەندییەکانی کەسێتی منداڵی کورد دەردەخات و وردبینانە ڕۆدەچێتە ناو ناخی منداڵ و کار لە دەروونیان دەکات، وە لە دەقی (منداڵی هیوا)دا دەبینین بە وەسف و پیاهەڵدانی منداڵ دەست پێدەکات و وەکو تیشکێکی زێرین و ڕوناککەرەوەی ڕێگای دوارۆژی نەتەوە ناویان دەبات، ئەویش لە ڕێی بەکارهێنانی وشەکانی وەك (تازە غونچە، چاوی بریقە دار، ڕۆڵەی هیوا، خاوەنی فیکر، تازە منداڵ، نمونەی میسال، بێ فێڵ...)و دەڵێت :

ڕوونی چارەی تۆ وەك ئاسمانی ساو
وەختێ لێی دابێ پرشنگی هەتـــاو
تیشکی ئومێدی سەر دڵـــی تـارت
سیوەیلـــی چـــاوی بریـــقەدارت [113]

شاعیر لایەنی هونەری فەرامۆش نەکردووە و گرنگی بە ڕازاندنەوەی ڕوخساری دەقەکانی داوە، لە ڕێی هونەرەکانی جوانکاری وشەیی، وەك : (ڕەگەز دۆزی نا تەواو و دژیەك..).

لە دەقی ڕۆڵەی تازەدا دەبینین (ڕەگەزدۆزی ناتەواو) بەکاردەهێنێت،دەڵێت:

ئێمە بەیانی گەنجین          لەم خاکەدا لە ڕەنجین[114]

لێرەدا ڕەگەزدۆزی ناتەواو لە گۆڕینی پیتی (گ )بە (ڕ)لە وشەی (گەنجین– ڕەنجین) دروست بووە ،هەروەها لە دێڕەدا دوو وشەی دژ بەیەك بەکار دێنێت و دەڵێت:

ڕاست گۆ بە دایم قەت درۆ نەکەی
وەختت بە بێ سوود تۆ لەدەست نەدەی[115]

بەم شێوەیە دڵدار وەك دەنگێکی نوێخواز زیرەکانە مامەڵەی لەگەڵ ڕەگەزی زمان و وشەدا کردووە شێوازێکی هونەریانەی بەڕوخساری دەقەکانی بەخشیوە،لێرەشەوە پێویستەئەوەبڵێین زمان ڕایەڵێکی پتەوی پێکهێنانی وێنەیە هەر لێرەوە ڕوو لەو بنەمایە دەکەین کە ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لەپرۆسەی بنیاتی شیعردا .

---

111 هەرئەوسەرچاوەیە،ل ٣٢ .

112 دیوانی دڵدار چ١، ل٤٤ .

113 دیوانی دڵدار، چ١ ،ل ٣٧ .

114 هەرئەوسەرچاوەیە ،ل ٣٦ .

115 هەرئەوسەرچاوەیە،ل٣٨ .

ئەنجام

١- دڵدار لەشیعرەکانی دا کیشی عەروزی بەشێوەیەکی بەرفراوان بەکارهێناوە کە لەسەرەتای ئەمە نە شیعرەکەی ١٩٣٥- ١٩٤٠ بیجگە لە دەقی رووناکی لەساڵی ١٩٤٠ بە دواوە هاوشان لەگەڵ کێشی عەروزدا کێش برگەیی رۆڵی بینیوە لە پێکهاتەی ئاوازەیی دەقەکاندا ئەم دووکێشە حزووریان هەبووە عەروزوەك هەزەج ورەمەڵ وجۆرەکانیان, کێشی برگەیی ١٠ و٧و ٨ وهەمەرەنگ

٢- بۆ سەرواش یەکگرتوو هەمەرەنگ قالبی شیعری مەسنەوی موەششح و چوارین و پێنجین و تەرجیع بەندو موسەمەت, لە ناویان دا سەروای بەڵگرتووی بەشێوەیەکی بەرفراوان بە کارهیناوە

٣- زمانە شیعرییەکەی دڵدار ئەوسیمایەی لە خۆ گرتووە کە کۆمەڵێ وشەی ناوئەدەبیاتی کلاسیزمی بەکارهێناوە لە شیعرەکانی دا مەزراندونیی ,لە کلاسیزمی نوی دا نێوەرۆکی شیعرەکانی شیوەیەکی شۆڕشگێرانەی پێداوە,کەباری شۆرشگێرانەی خۆی ومیللەتەکەی و ئایدولوژیا ی خوی وای کردووە کە کۆمەڵێ وشەی نۆی بێنێتەنێوتێکستەشیعرییەکانییەوەکە پێشترنەبوون بەتایبەتی لە شیعرە شۆرشگێروسیاسیەکانی دا بوونە هۆی دەولەمەند کردنی زمانە شیعرییە کەی وەك ئەزمونێکی شیعری دڵدار .

٤- دڵدار لە بەکارهێنانی وشەی نۆی و کوردی پەتی دا بەبەرنامەچووەتەپێشەوە ئەویش بە بەگەڕانەوە بۆ فۆلکلۆر وشیعرەکانی مەولەوی وەك فەرهەنگێ بۆکوردی پەتی ئەویش بە کاریگەریەتی شاعیران مەولەوی و پیرمێرد بووە, زمانە شیعرییەکەی دڵداربەسێ قۆناغدا تێ پەڕبووە, لاسایی کردنەوەی ئەەبی کلاسیکیزم و شوێن پێ هەڵگرتنی شاعیران شێخ نوری شێخ ساڵح و گۆران بە کاریگەری ئەدەبی تورکی وبەکارهێنانی وشەی کوردی پەتی .

٥- بۆ پێدانی بەهای ئیستاتیکیی بە شیعرەکانی چەندین لایەنی رەوانبێژیی هونەرەکانی شیعری وەك رەگەزدۆزی ووەرگرتن وتێلنیشان وپۆشین وبادانەوەورووونکردنەوەولێ وەرگرتن ودژیەك و وەرگرتن کەجواننیەکی بەرچاویان شعرەکانی داوە.

٦-سەرباری ئەوانە ش دڵدار زیاتر شێوەزاری سلێمانی بە کارهیناوەو شیعرەکانی پێ دارشتووە واتە پابەندی بزوتنەوەئەدەبییەنوێخوازییەکەی سلێمانی بووە, لەگەل ئەوشدا لە ناودەقەکانی دا کۆمەڵێ گۆڕین وئالوگورکردنی وشەبەدیی ئەکرێ, ئەویش هەولی جوان دارشتنی شیعری بووە .

٧- دڵدار وەك دەەنگێکی نۆی مامەڵەیلەگەڵ رەگەزی زمان و وشە دا کردووە, کە شێوازیکی هونەرییانەی بەروخساری شیعرەکانی بەخشیوە .

سەرچاوەکان

کوردییەکان

- ئەدەب و رەخنە ، عەزیز گەردی ،چاپی یەکەم ، چاپخانەی الحوادث، بەغداد ، ١٩٧٤ .

- ئەدەبیاتی نوێی کوردی ، د.عیزەدین مستەفا ڕەسول، چاپخانەی فێرکردنی باڵا، هەولێر،١٩٩٠ .

- بنیاتی هەڵبەست لەهۆنراوەی کوردیدا، د.دڵشاد عەلی ،چاپخانەی ڕەنج ،سلێمانی ، ١٩٩٨

ـ تۆفیق فیکرەت و شاعیرە نوێ خوازەکانی کورد ،ئەحمەد تاقانە ،چاپخانەی ئاراس ،چاپی یەکەم، هەولێر،٢٠٠١ ٠
جوانکاری لە ئەدەبی کوردیدا ، ئیدریس عەبدوللا، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ، سلێمانی،٢٠٠٣ ٠
چەند وتارێك دەربارەی ئەدەبی ورەخنەی کوردی ،کەمال مەمەند ،چاپخانەی الحوادث ، بەغداد،١٩٨١ ٠
ـ خۆشخوانی ، علا الدين سجادی ،المكتبة الوطنية بغداد،١٩٧٨
ـ دڵدار شاعیری شۆڕش گێڕی کورد ، عبد الخالق علا الدين ، چاپخانەی دار أفاق عربيه للصحافەوالنشر ، بغداد ،١٩٨٥ ٠
ـ دیوانی دڵدار ، گیو موکریانی ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی کوردستان ، هەولێر ،١٩٦٢ ٠
ـ دیوانی دڵدار کوردستان موکریانی ، چاپی دووەم ، چاپخانەی کوردستان ، هەولێر ،١٩٧١
دیوانی پیرەمێرد،کۆکردنەوەو ساغکردنەوەو بەراورد کردن ،فایەق هۆشیار ،مستەفا صالح کەریم ،ئەحمەد زرنگ محەمەد نوری ، مەحمود ئەحمەد،چاپخانەی سلێمانی ، چاپی دووەم، ٢٠٠٢ ٠
ـ دیوانی شێخ نوری شێخ سالح ، ئازاد عبد الواحيد ،مطبعة دار الجاحظ ، بغداد ،١٩٨٥ ٠
ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردیدا ، عەزیز گەردی ، بەرگی دووەم ، چاپخانەی شارەوانی ، هەولێر ، ١٩٧٥ ٠
ـ ڕۆمانسیزم لەشیعری کوردیدا ١٩١٨ـ١٩٤٥ ڕێزان محەمەد غەفور ، نامەی ماستەر ، کۆلێجی پەروەردە، زانستە مرۆڤایەتیەکان ،زانکۆی صەلاحەدین ،٢٠٠٥ ،بڵاونەکراوەتەوە٠
ـ سەروا ، عزیز گەردی ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری ، هەولێر ، ١٩٩٩
ـ شیعرو ئەدەبیاتی کوردی ڕەفیق حیلمی ، بەرگی دووەم ، بەغداد ، ١٩٥٦ ٠
ـ شیعری کلاسیکی کوردی ، عەزیز گەردی ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری ، هەولێر ، ١٩٩٩
ـ کێشی شیعری کلاسیکی کوردی ، عەزیز گەردی ، چاپخانەی دێکان ، سلێمانی ، ٢٠٠٣
کێش و ڕیتمی شیعری فۆلکلۆری کوردی ، د٠محەمەد بکر ،دەزگای چاپ و بڵاو کردنەوەی ئاراس ، هەولێر ،٢٠٠٤ ٠
مێژوی ئەدەبی کوردی ، د٠مارف خەزنەدار ، بەرگی پێنجەم ، چاپخانەی ئاراس ، هەولێر، ٢٠٠٥ ٠
منداڵ و ئەدەب ، نەوزاد عەلی ، سلێمانی ، ١٩٩٨ ٠
نرخ شناسی ،علا الدين سجادی ، چاپخانەی مەعاریف ، بغداد ، ١٩٧٠ ٠
ـ هونەری پۆیتیکا، ئەرستۆتالیس ، و: حەمید عەزیز، سلێمانی ، ٢٠٠٥

**گۆڤارەکان**

ـ ڕۆڤار ، ژ: ١٠ ، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ،سلێمانی
ڕووناکی ،ژ:٢ ،هەولێر، ١٩٣٥ ٠
ـ هەولێر ،ژ:٤ـ٥، چاپخانەی شارەوانی کەرکوک،١٩٧١
ـ گەلاوێژ ، ژ: (١)ی ساڵی ١٩٤٣ ٠

**عەرەبیەکان**

ـ اغانى كردستان ، معروف خزندار ، مطبعة اسعد ،بغداد ،١٩٥٦ ٠

العروض فى الشعر الكردى ، احمد هردى ، اربيل ،٢٠٠٤ ٠

ـ النقدالأدبى الحديث ، د٠ محمد غنيمى هلال ، دار العودة ، بيروت — لبنان ، ١٩٧٣



**ملخص البحث**

**هذه الدراسة الموسومة( البنيةالفنيةفي أشعار الشاعر دلدار). عبارةعن دراسة وصفية وتحليلية.**

**إن كون الشاعرمجددافي الشعر الكوردى أستطاع أن يحدث تحولاجديدا في الشعر وبالأخص من ناحية البنية الفنية في محورين الايقاع الشعرى واللغة الشعرية في تقنية اشعاره,وأنعكس هذاالتغير و بتشذيب مظاهرجديدة,حيث أستعمل نماذج ومظاهر جمالية من ناحيتي الايقاع الشعرى واللغة الشعرية,وهذابدوره اعطآ صبغة جمالية لنصوصه,وهذاماحاولناالقا الضوْعليها وصنفناه الي محورين**

**في المحور الاول سلطنا الضوْ على الايقاع والاوزان والقوافي والقوالب الشعرية وطبقناه على نماذج من هذه الانواع في أشعاره، أما المحورالثاني والذي يخص اللغة الشعرية أتخذها دلدار كاداة فنية لطبيعه الشعر في استعمال الكلمات والمصطلحات في صياغة الفنون الشعريةمن ا لمعجم الكلاسيكى ونحن بدورناحاولنا اظهار تلك المتغيرات التي ابدعها دلدار في اللغة الشعرية و من ثم توظيف الكلمات الشعرية في الأدبيات التركية العثمانية و العربية في المرحلة الرومانتيكية مع استعمال فنون بلاغية كألجناس والاستعارة ...الخ، وهذه كلها اعطت شكلا جمالياً و تحديثياً للنصوص الشعرية للشاعر دلدار نأمل ان يكون بحثنا هذا بمثابة اشعال بصيص من هذا الجزء المعتم في ادبنا الكوردى.**



Abstract

The present paper which is entitled (The Artistic structure in Dildars`Poems) is adescriptive and analytical study0On the basis that Dildar coald be regarded as one of the modern poet`he could make new and novel change in the Kurdish Poetry`This change or shift was achieved by the Artistic structure of his poems`particulary`from the two striking and distinctive axes`such as melody tonality of the poems and the poetic language that are used as new technic in his poems.

These two characteristics give amodernnew look and feature to his poems so many examples of novelty and aestatic forms could be found which reveal elevated style and modernism.Thus`in the present study those feature are stressed The Study has been divided in two different axes.The first axes is specified to shed light on the melody or the poetic melody or tone which includes.the rhyme`rhythm`Cadence.The above melodic features are found in his poems. The second axes which is devoted to the poetic language with which Dildar dealt as an essential and natural material of poems.

He smartly exposed those matrials by using words`Phrases from which his poetic language is reflected.Through his diction and vocabularies`Dildar shows the strength of his poetic language.Then he used the specific litrary words from neigbour languages such as`Turkish Othman`and Arabic words and expression`which are related to romantic period` despite the use of different aspects of rhetoric`metaphor`smile and the like.The above charactereistics totally give the aesthetic characteristics and modernity to Dildars`poems .